# کەری بۆریدان

هۆنراوە

عەباس عەبدوڵڵا یوسف

# کەری بۆریدان

هۆنراوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

عەباس عەبدوڵڵا یوسف
کەری بۆریدان - هۆنراوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٩٦
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٢٠٠ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری

# پێڕست


سێبەر و مێبەر ........ 7

لەخۆڕا ........ 13

دێو لە ٢٠٠٠ بە دواوە ........ 20

فشقیاتی مێرووله ........ 32

مۆمیاتی ........ 35

پانتۆمیم ........ 42

ڕەنگانێ ........ 45

کەری بۆریدان ........ 65

شار لە زار ........ 71

سپێدەی هەموو نیوەشەوێک ........ 80

پرنج ........ 85

تومبێل تومبێل ........ 95

هەڵەی چاپ ........ 106

کاتژمێر..... بە سەعات و دەقە و چرکەوە ........ 114

فەیلەسووفەکان نیشتەجێ دەبن ........ 120

فەرهەنگۆگ ........ 123

## سێبەر و مێبەر

دەبوو سێبەری مێژوو هەر مێژوو بێ
دەبوو سێبەری هێز هەر هێز بێ
دەبوو سێبەری پارە هەر پارە بێ
دەبوو سێبەری هۆش هەر هۆش بێ
دەبوو سێبەری جنس هەر جنس بێ
کە لێم نواڕی
ئومێدبڕە، فریودەرە وەک سەراو، درۆزنە وەک خەون
شت و سێبەر و بەرسێبەریش
تێکڕا، خۆگۆڕن، جیوەیین، موڵکی هیچ نیگایەک نین

بەربیر و بەردەس و بەرتەڵە و بەردڵیش نابن

جا

سێبەری درەخت: لەو شوێنەی نووسراوە: میزکردن بۆ کەر

سەگێک لاقی خۆی بڵند کردووە و بەدیوار دادەمیزێ

سێبەری جگ: بەدمەستێک، لابەلا دەڕوات و

منداڵانی گەڕەک، بەهۆیهاوە بەردبارانی دەکەن

سێبەری قنینە غاز: گوریسێکی قەفخواردوو

سەیرەی!! مارانگاز لێی ناترسێ!

سێبەری دوگمە: وێنەی کوتینی دوپشکێک لەسەر قۆڵی شەقاوەیەکی ماتۆڕسوار

سێبەری گوڵەباخ: کەچە جاجمێکی سەت ساڵەی نەشوراوەی سەر پیرەژنێکی هێسکوپێست

سێبەری کویک: کەرێک بێ هۆ دەزەڕێ و کەرێک بەهۆ پێ دەکەنێ

سێبەری قەڵا: دوو دنکە مێوژ و دوو مێرووڵەش لەوێ دەلەوەڕێن

سێبەری هەناو: ئاسنگرێک لە کوورەوە، گاسنێکی سوور هەڵگەڕاوە

دەردێنێ و لەسەر سمدان دەیکۆتێتەوە

سێبەری توغرا: سەرەخۆرەیەک، پورتەقاڵی براکانی دەخوات

سێبەری ئاش: بەرمۆدا بە درۆکانییەوە لە رۆژنامەیەکی خۆماڵیدا

سـێبـەری قـولانج: حـەمـبـاڵێک بە بەن و سـووژن، فـەردە گـەنمێکی داخسۆر دەدوورتەوە

سێبەری بۆنسۆ: بووقی قسعەی نیوەڕۆ لێ دەدا، ئەوان بێ لەگەنن لە کاتی یەسیەمانێدا، لێیان دزراوە

سـێبـەری مـۆنیی: کـوتکێکی سـەر بە قـیـری بزمـارڕێژ، لە دەس ژندووکەوتوویەک

سێبەری چەنگە سماق: چوار توولەی تووکن، لەسەر فریز گەمان دەکەن

سێبەری سولاوکە: قەومانی قەزاوقەدەرێک لە شانۆنامەیەکی ئێونانیدا

سێبەری چەخماخ: ژنێکی جحێڵ، ساواکەی لەناو تەشتێکدا دەشوات، چاوی بەکەف بووە و دەزیرێنێ

سێبەری خامۆشی: فەرهەنگێکی E –کوردییە، لەناویدا، پەپوولەیەک وشک

کراوەتەوە

سـێبـەری قامـیش: شـەمـشـەمـەکوێرەیەکی سـێرکـباز لە ئانی فڕینیـدا، دڵوەسـتـە دەبێت و دەکەوێتـە سـەر نووسـتـوویەک، پەمـبە خـەونانی دەدیت

سێبەری زێڕ: بەمەبەستی چاندنی شیزۆفرینیا، ئەهریمەن بەسیکارد زەوی دەکێڵێت

سێبەری ئاوێنە: شۆڕشگێڕێکی تاکڕەوی زێدە ڕەگکێش لەناو لەشکرە خەڵکێکی جاسووس و بێناموس و بەلفەچی

سێبەری سێبەر: سێبەر لەناو سێبەر هەمدیس و هەمدیس و هەمدیس
لەناو سێبەر، تا دواساتی کوژانەوەی هەتاو، چەنبارە دەبێتەوە
هەر سێبەرێک، بۆ خۆی بێژمار دونیایە
هەر دونیایەکیش بۆ خۆی بێژمار سینەمایە
هەر سینەمایەکیش بۆ خۆی بێژمار داستانە
هەر داستانێکیش بۆ خۆی بێژمار ئەلفوبایە
ئەلفوبێش بەردەوام و بێبڕان
پێشپیت و پاشپیت و بنپیت
ڕێک و ناڕێک، پیتگۆڕکێ دەکرێت و دەبێت
سێبەرە سێبەر!!!

بۆمبی دەست شێتانە، بووکۆڵەی دەست منداڵانە
جا ڕەوایە:
مێژوو قەت نەبێتە مێژوو
هێز قەت نەبێتە هێز
پارە قەت نەبێتە پارە
هۆش قەت نەبێتە هۆش
جنس قەت نەبێتە جنس

١٩٩٨/٣/٢٤

## لەخۆڕا.....

نووکی قەڵەمێکی چەمووش
مۆسیقای بۆنداری ناو هەیوولا بەرەڵڵا دەکا
کلیۆپاترا لەوساوە و تا ئێستاش دەزرنگێنێ:
ژیانم بەرخۆر و بایە... بەهەموو دەم ئاشکرایە
هەگبەکەشم بێ مارە، بێ بۆمبایە
پۆلیسی فیتفیتەدار گمەگمی کوکوختیی سەر بەیتوونەکەی بڕی
کوکوختی حەسرەتکێشی دڵشکاویش گازاندەی دەکرد و هەر دەیگۆتەوە:
ئەوە بەشەرە یا واشەرە!

کامیره رونیشتەی پێشەوەی چاخانە دەداتە بەر ڕێژنەی فلیمان، سەیرە! خوێن نارژێ، بەس تینەکەی مرەکەبی وشکە قەڵەم بەسەر و بەناو بەرگی کراسیان دادەڕژێنێ

گێل، وێل، خێل سێ وشە نەبوون، بەڕاس سێ برابوون، سەیری دەس و تەبشووی وەستا دەکەن، چەن جوان کەرپووچ دەخێوێنێ، گەشتیار یەکسەر بەژێر دەروازەی کۆنینە دادەچن، شوێنکات لێک هەڵدەزڕێ، لێیان دەبێتە سەردانی رابردووی شوێنەواری داهاتوو، بەینی ئاسمانی فۆلکلۆر و ڕێسمانی شوێنەوار داوە موویەکی شەمشوونە، هەمان داوە مووی نێوان شێت و بلیمەتە، فۆلکلۆرییەکان لە پەنای دیواران لەسەر تەختەی دامە، بەداشی دار جەنگێکی نەتەوەیی بەرپا دەکەن، مەکینەی درووممان لەبۆ نەقەومان، ئاه و نزا بۆ ئاشتی دەکات، مەکینەش رادیۆی قووت داوە، هەر حەپە حەپ دەکات و هەر وردە دەماران رەپ دەکا، سپرینگ وەک یاخیبوونی ئەشقیای چیای مازەندەران وایە، لەناو گلۆڵەی گەردەلوولی بیابان لە باپیرە کوشتەی دەگەڕا، مەگەر چەوەندەراو بەخوێن تێ بگات، بەر لە کلاشدڕان و چێنەبڕان، سۆزانییەک بە لەشی خۆی پاڵەوانەکە یەخسیر دەکات.

ڤێجا مارکسییەکی فرۆیدی پلاربێژی دەکات:

– نەموت، سەرخانی دەسەلات نێرە و بنخانەکەش مێیە؟!

مریشکێکی نە ئێرە و نەنێرە و نەناسراویش، سەیرەی! دیقلانە بانگ دەدات، هاوکات شەوی ٧٧ دەوڵەتی ناونووسکراوی UN دەبێتە رۆژی نیوەڕۆ، بەیەکەوە لەگەڵی بوین، خەونبێژ بووین بەردی رەق و چەق گۆرانییان بۆ ترومبێلی هەڵدێراومان دەچڕن، سەدای بە سەدا نەدەچوو و گۆپاڵە ئاسنەکەش وازی لە راوکردنی پۆستالان نەدەهێنا، چونکە بەشێکی گرینگی گرژی و لۆچەکانی چارەی پیران بەکامیرای رەنگ، جوان دەرناچن، ئینجا کۆنپارێزێکی ناسەرمایەدار و ناسۆشیالیست، واتا ئی وڵاتێکی نێرەمووک پلاربێژی دەکات:

– رەش و سپی رەسەنە، خۆماڵییە، رەش رەسەنترە و خۆماڵی و خۆمانییە،

رەنگاوڕەنگیش بیانییە! جا هایێ هایێ لەو کارەساتە! کچێک لێرە بۆ ئەوێ شـــووی کـــرد و لـە هەندەران خـــۆی تـەڵاق دا و لـەوێشـــڕا بە ئـەنجـــامی مـەرگـەسـاتێکی وەک دایانێ لێی قـەومـا، حـەیا و نامـووسی قـەوم و قـیلە و قـیبلەنامـەی خـۆی برد، دەنگوباسی لەناو نامـە سـپـیـیـەکانی ئەرشـیـفی دۆستەکانی دایە. بەیانیان درینی وێنەی ئـافرەتان، ئێواران پێکنووسـاندنیان، خـووی پێ گـرتـووە، دەیلیکاند و دەیچـۆڕاند، دەنکە گـەنمـەکـانی بـە مـێـژوو (ببوورن هەڵەی چاپە) بە مێروو دەسپارد، ئەفسەر خرِی ئەولادی دیسـاندن، ئەوانیش بەزڕهۆشـەوە وڵاتان وەردەگێڕن، بەو گزنگە سـاڵح رووسی بەدەسکە گوڵی سـوور و بەکـیسـە توونتنی سـوور و بە پشـدێنی سـوورەوە، دێتـە دەرێ و ئێمەش دەکاتە پەیڕەوکاری ستالین قەڵەمێکی ناچەمووش

ئی تحت الطلبی بەد قەیماغ، سێزدە بارت و حەڤدە فۆکۆ و چواردە جیقنە و سی و یەک حۆقە کێم و بێ حسێب لاڕەشە و کەڕەکیفەی باراندە سەر دەقێک (بەسـەزمـان ئاگای لە دریدا نەبوو) وەنەوشـەکان دەرسـات وەک دەرکـە ئاسنی بۆیاغ نەکراوی بەرباران ژەنگن بوون، گشت وەنەوشەناسـەکانیش نەیانتوانی وەک خۆیانیان بێننەوە.

بەلەم بێ قـەڵەم پیـاسـە دەکـات و رووبار تووشی ژانە ناسـنامـەی ناکـات تا دەگاتە شـوێنی شـوێنان، بەلەم خۆی تووشی مـشکێکی نووحـانی دەبێت، هـەر لێی دەقرتێنێ و هـەر دەیقرتێننەوە، بەلەم کون دەبێ پترۆل فڕکە دەکات، وڵات دەبێتە ئی بێوەژنان، زەلامـەکانیش بڵێم کێ خـۆش..؟! ئینجا قـەناعـەتم هـات، دڵۆپە نەوتێک یـەکسانی دڵۆپە خـوێنێکە، من لە قـۆناخی فـامـین بەسـاڵگارێکی دژوار وەک سـاڵی مـەیموون و سـاڵی خـەمـەگـڕوو سـاڵی سکراپ و سـاڵی بێ کـەنگری پڕ کـەنغرِ چوومـە قـۆناخی زەلامی، بەلەمـیش زوو زوو بەچوار چرکە بۆقـەمـەلە و شـەش چرکە پشـتـەمـەلە و نۆهـەت و نۆ چرکـە سـەگـەمـەلە بووە کـەشتی، پەیڕەونامەی شـەکرە ژەهرەی بۆ سـەر گابەردی سـوورفلی بارانخـۆر سـەدابێژ دەکرد، ئەسـپێکی قاندرِ و مێمڵ بەناو ئاڵۆزگەی تەکنەلۆجیا خێرا دەخزێ و داسـتـانێک تۆمـار دەکـات، تێیدا مـێـردمنداڵێکی پاقـڵاوەفرۆش بێ

سەواکار هەڵدەدرێتە ناو تەم و خەم و شەم، فرۆشیاری هەراش گاز دەکات:

- یەڵڵا عەولەمە... یەڵڵا شەکرلەمە

لەو دەم ئۆرانیۆسێک لەو هەزار و یەک ئۆرانیۆسە.

تیختیخەم دەدات تا ڕۆخ ناوکی بەڕەحان بۆ بچێنم

ریکلام حوکمات بندەس دەکات

ریکلامی صەباب، تا ئەوپەڕی مافنگی بەجۆشینەکانی جووتەلیکی نێر و مێیان بەسەر نێوگە و پەڕگە دادەچۆڕێنێ، بەندەی خۆیەتی

ئەوان بەدوای نەخشی سەر ئەشکەوتی جن دەگەڕان

ئەوان خۆیان جنێکی بەناو جەنتل

شامپلیۆنیان ریکلامسازە

ئیدوارد سەعید ئابڕووپارێزی ڕۆژهەڵات لە رەهێڵە و شەوێکی بێ ئوتێلدا

کەس جلکی وشک نەکردەوە و کەسیش نەیحەواندەوە

دوا جاریش بە هیرۆیینی هیرۆگلیفیا هێڕیان کرد و هاڕییان

زەمەنی تەقەی سەر دەرگا بەڕاسپاردە و ئامۆژگاری و رەوشتەکانی تەقسی سەردان بە پەیدابوونی دەرگای هەردەم والا و پەنجەرەی قەت قەپات نەبوو کۆتایی هات

ئەوسا هەرزەکار بووین، دەمانئنۆڕییە دەرگا نیوەکراوەکان، رانی کچێکی قاپشۆرمان بدیتایە، خەنی دەبووین، سەرکی کچێکی خۆش و شۆخ کە کەزییەکەی شەمەندەفەرێکی خێرا دێنێ، لە جەستەی کوڕێکی مەلەوان چەسپ بکرێ وەکو درەختی موتوربەکراو گەر حەزیشت لێیە، سەرکە ڕێوییەک لە جیاتی سەرکە گورگێک قایم کە، ئا دەبێ، ئەو بە (نا) مەکە، سەرکی زیندووی کوڕیژگەیێک لە مەکینەی ئاش قایم کە یا پێچەوانە، هەر فیتاوفیت دەبێ.

شەمەندەفەر لە هەموو شوێنێک ئامادەیە

لەناو کادین، بن دەریا، گریزخانە، دەگمەنی، لە هەمزەکۆریش دەوەستێ،

ئامادەیە نەخاسمە لەناو خێزانمان کاتێ باوکم ناڵبەندی سوپایی بوو، نەفی H3 کرا

برادەرانی هێستر، بۆشاییيان ناڵرێژ دەکرد

ناوە ناوە لەو ناوە بەدناوە، هەموو لا دەبوونە خۆراکی شەڕ

باوکی ناباوکسالارم بەزنجیرکراوی بەشەمەندەر لە مووسڵەوە رەوانەی بەغدا کرا و لەوێش بەرەو بیابان، غەریبحاڵ مەژغووڵ بوو، هیرۆگلیفیای دۆمینە بکاتەوە تا چیی تر دووشەش لە دەستی نەتۆپێ، لە رۆژگاری قۆچقۆچانێی نێودەوڵەتی بەتەمای کۆتری سپییە، لەناو گوڵەگەنمێک بەبەلاش ماڵێک پەیدا بکات و خواحافیزی لەبەد مێژووی کرێچیاتی بکات. پاشان منی کردە میراتگری سادەیی و خەون و خەونی ناو خەون و خەونی دژ خەون و پرۆگرامی (بارێ... هەر دەمرین!) نووسین ئاسمانە و بیابان پەڕ نییە، یەک سکەن، بەڵام لە چ ئاسۆیێک تێک ناکەنەوە، کەواتە ئاسمان بیابانە و بیابانیش ئەوا خۆی بیابانە، وەک مێژووسوارەکانی ناو مەرمەڕ پۆسکارتێکم بۆ هەنارد، نەخوێندەوار بوو، چاک وێنەکەی دەخوێند و ویست و ڤیاشی بە چارەنووس دەزانێ

ئاژەڵانیش مافی خۆیان ناوێ، بریژید باردۆیان بەسە

بە تەماشای دەبنە شا و پاشا

بینەریش لە نۆتەکخانەی سینەمادا

بە درێژاییی پێشاندانی فیلم، کردی بە ژنی، بەس منداڵێکی لێ نەبوو

چزمەیێکی رەشی لە پێیە و قایشێکی رەشی لەناو قەدییە

بەس رووتە و بەدەبل دەمانچەی تۆپڵییەوە دێتە گژ بینەر

لە ڕاست رای گشتی و دەنگدان و دیموکراتیەت و ناسنامە

بینەر مافی خۆی ناوێ. ئیش وا بڕوا، زەلامەکان

زەلامی حەرامخۆرەی سمێڵ زبڕ و دڕ و چڕ و مڕ و گڕ و پڕ و سڕ و فڕ و قڕ پاکی لە پاکی بۆی دەبنە جانەوەری دەسەمۆ

خـەنجـەرێکی جنکوژ بـە ئەسـتوندەی سـیـامـاڵەوەیە، نۆرەگـری ئەنگاوتنە، چقـەیدییـە کـرێکارێک لە کـاتی چـاتی قـاتـی دووەم، چقـەیدییـە سـەیری ناو حـەوشـەی قـەسـرێک بکـات، چقـەیدییـە چوار پەیکەری سـپی وەک شـێـر لە چوارقوڕنەی ستێلک چەقێندراون، چقـەیدییە کە گێڕایەوە وتی: لەگەڵ چوار کچی لەششوشە مەلەوانیم کرد، کەس پێی نەوت ئای لەو شێلمانە! دیالکتیک دەرەقەتی مێژوویەکی بەرتیلخۆر و شاردراوەی ژێر کڵاوی سـەخرە جن نایەت، هەوکەش هەمـوو کەس، بێ خوێندنەوەی سـارتەر و مارتەر لەخۆیەوە وجـودییە، شـەلمان هاوێشـتنیش فـەنتازیایە و بەرمـافیش تەرازووی تاقی دادخـانە لەنگ ناکـات. مـێژوو بێـرەنگە و کـوێرێکی رەنگبین دەیناسـێـتـەوە، پیـرە بـەربەرێکی هـەولێریی کۆن بە گوێزان هـاولەشەی ئـەفلاتوون لە ئەرستـۆ دەکاتەوە، بەس تا دونیا دونیـایە یۆنان نابێتە دوو یۆنان، بەناو مـەیدانی رەیسزا هـەیپا لە ئەسـپا دەکا، دێن وەک فـڕۆکـەیێکی نازی کـاتی بۆمـبـارانکردنـی مـۆزەخـانەی بێ مـۆز دەنگاوترێ و خەڵکیش بە تەنگەتاو بۆی غار دەدەن، جامەکەی لێ دەکەنەوە بۆ دەسکە خەنجەر و مۆری تەزحێب و ملوانکە....

با بگەڕێمـەوە سـەر قەرەفلی بینین، بـخووری نکاوان، سیـرامێکی یەکسانی، لازۆردی ئازادی.

یۆتۆپیایەکی رۆژهەڵاتییە...

شـوورەی شـوولـەی حـەیزەرانە، بە تەرزی چەنبـارەی زەخـرەفی و بەخـتـێکی سانسکریتی وشـەی (قەدەغە...)یان نووسیوە.

لەسـەر دەروازەکەشی نووسراوە STOP ئەوەشم بە جنێو زانی،

بۆیە بە کوردییەکی ئینگلیزانی زیقاندم:

– ستۆپیش

دەرسات کردمە کوردییەکی گوندانی، گوتم: سندان لە هەرتک چاوت دا

نەمزانی (هۆپ و ستۆپ) دوو دوکانی رۆنگۆڕن لە دەرڕێی شار

دەمارگرژیم منی گەڕاندەوە قوڵغەکەی خۆم

جا لێرە، پاش ئیفلیجبوونم، بیرم هاتەوە:

گاڕان بە مێشەوە بەناو دەروازەکە ڕەتبوو
سڵی نەکردەوە نە لە ستۆپ و نە لە قەدەغەش
تا بنەبان چوو، تەڕە ئالیکی خوارد و بەقەوان گوێی لە سنفونیای هەیوولای کەفەسابوون گرت.
ئەی بۆ من وام نەکرد!
خۆ کەس لە منی نەدەپێچایەوە، ئەی بۆ خۆم بوومە سانسۆری خۆم؟!

١٩٩٩/١٠/٢٠

تێبینی و پەڕاوێز:

* لە خۆڕا: لێرە ناونیشانەکە جۆرە هەڵوەستێکی نووسینێک پێشان دەدات، پێشتر شیعرم پێ نووسیوە و ڕەنگە ببێتە ناونیشانێکی نێوگەیی بۆ چەند دەقێک، ئەم دەقەش بە ئۆتۆماتیکیەتی دارژانی هۆش و بنهۆش نووسراوە پاشان مۆنتاج کراوە.
* ئەم تێکستە پێشکێشە بە تەیراوەیی (فەرهاد پیربال)ی جهانزادە.
* پێم وایە کلیمنسۆیە دەڵێ: دڵۆپە نەوتێک یەکسانە بەدڵۆپە خوێنێک.
* ئەم فارزەی نێوان (گێل، وێڵ، خێل) بە واو حسێبە.

## دێو لە ٢٠٠٠ بەدواوە

دێوەکان کێندەرین؟!

ئۆڵۆمپین، بەربەرین؟!

قەوقازین، قەرەجن، ئەفریقین؟!

چینین، چین؟!

یان ئەوان نین؟!

بەر لە پرسین

بەراییی دێو، دێوی نەژاد پەتی هەبووە، ئینجا ئەوانی دی

ڕۆژگارێک پڕ چۆڵەوانی، کەم ئاوەدانی

بە دژواری کردیانە شەڕە برووسکە، شەڕە لافاو، شەڕە بوومەلەرزە

دەبوو یەک بۆ یەک بەجێ بێڵێ
پێح لە ئاوەدانی! وای لە چۆڵەوانی!
پاش تەمەنێکی دوچاربووی هاوکێشەی: گەل شیزۆفرینیا خاک
لە بەد مێژووی کرێچیاتیدا
رەهێڵەی تەنی بەسەر باخچەی ساوایان دارژا، گشتیانی بەدخێن کرد
دەریاچەی کێم، نیرگزجاڕی پڕ کرمی ئاودەسخانە کرد.
هەستی نیشتمانپەروەری و خاکپەرستی لەلا کز بوو، باوێشکێکی پێ کرد
کەڵەشێرێک لەسەر دیواری ناوبڕەی دوو ماڵان، واتا هاوسێ
هێلکەیێکی کرد، لەسەر خاوەندارێتی ئەو هێلک بووە جەنگی دووەمی کەنداو
قوتەشەڕەکانیش وەک: شەڕەپەتا، شەڕەتفی پێش سینەما
پرووشکی ئەون و نابڕێنەوە، پاشانیش.......
ئاسنگەرێک لە بۆ ئەهریمەن
بە کوتکان لەسەر سندان، گاسنێک دەکوتێتەوە

جـارێ، پڕووشـکێک دەپـەڕێ و مـۆزەخـانـەیێکـی نیگاری سـەردەم دەسـووتـێنێ،
پاشانیش.......

باربەرێکی درێژی پۆلایین، خۆی بە دەرگا ئارامەکان دا دەدات.

لە کۆلانی تەسکی گەڕەکێکی بەلاشاوەدا گیر دەبێت، پاشانیش.......

زەنگەزۆرە لە قەوغای شاردا شۆڕشێک بەرپا دەکەن

سەروچاوی ئادەمیان وەک تەماتەی بۆگەنی خڕ و تێکقۆپاو دەبێت،
پاشانیش.......

دێن و میز بە کریستاڵەکان دادەکەن، هەشت لەو قلانەی کریستاڵی سپی چەماوەیین، بەس ئەندازەیین، پیاسەی خۆیان لە رۆخ سیاناوێکی جۆشدار دەوەستێنن، دەچەقن، چاو زەق دەکەن.
سیان بە پفکە پفک لە دەست شار، دەردەدڵی خۆی دەردەبڕێ و دەم نادەم،
خۆ دەتەقێنێ، پاشانیش.......
قولەشینێکی تووکن و ئەسپێون و گرگن و زگن و گپن هاتۆتە گژ پاکیزەیەکی نەرم و نیان تازە لە هێلکەی تاوس دەرچوقیوە، لەسەر قەڵەشستانێک رایدێخێ، یەکەم ساتی چرنووک لێدانە، رەنگە لە هەزارجارەی دوا ساتیدا خۆشی و چێژ بێ، پاشانیش.......

دەستـەزەلامـێکـی خـوریکەداری چاوزەق بـەریکۆردەر خـەریکی تـۆمـارکـردنی دەنگینە، لایەک نـەڕەنەڕی لەسـەر بـێ بۆ تۆقـاندنـی بەندییـانی قـولغـەکـە و لایەکەی تر مرخەمرخە بۆ کریستال تا دەنگخۆر بێت، پاشانیش.......

کـریستـاڵەکان بـە تیـوری (سـایکۆ _ فیـزیک) و (سـۆسـیـۆ _ دەنگ)ی کـەری بەسـراوەی تـەنیـشت کـەر، یـا رەنگی بۆمـبـی ئەتۆمی وەردەگـرێ یـا رەوشـتـی مەغۆلانە، کەس لە خۆیەوە سیمادار نابێت، پاشانیش.......

بەدزی و بۆ دزی کۆمـەڵێک نێرەزەلام بەقـازمـە و خـاکەناز گـۆڕسـتـانێکی بەر پیرەدارەیان هەڵدڕیوە لە زێڕ و ئاسەوار دەگەڕێن، پاشانیش.......

لە کـاتی رۆژگـیـران گـەردوون درز دەبات، چەند وڵاتێک لێـی هەڵدەدێرێ، پاشانیش........

تەنانەت رستـەی جلکانیش، کـە جلکی شـۆردراوەی هێـزەوەری قـێـزەوەری ناهزرەوەری زەبرکـاری لەسـەرە، لێی تۆقـیـوە و نـارێک دەلەرێتـەوە، پاشانیش.......

پیـلانکێـشی سـتـراتیج و بێـدڵی رۆژاوا نەخـشـەی (با شـەڕ لەوێ هـەبێت) دەکێشن.

پاڵ بەزەلامی کەزیداری تەور بەدەست دەنێن

لە لوولەی تۆپەوە دەرپەڕن پاشانیش.......

رۆح کە پەنچەر بوو تێی هەڵدە سەر گووفەکێک، پاشانیش.......

دێو بە پانەپێیەک پەیتوونێکی قشتیلانەی بە بووک و زاواوە دەپڵووخێنێ

پاشانیش.......

ئاوازێکی ترلەیلی و تورەهات، دەستوورێکی کۆمەڵایەتی دادەرێژێت

لەناو هەموو ماڵێک رمووزنێکی دەعەجانی هەیە. دەشیرێنێ: کەلەپوور نامرێ

بۆ هەموویان دەرکە داخراون، پاش کوژانەوەی پەنگرەکانی ئاگردان

ماڵ دەبنە قەبری تەنگ، خۆی لە ناوەختە دەمرێنێ و لەپڕ دەمرێنێ:

– بێهوودەیە! سکراپ خاوخۆش ناکرێت

لە شاستانی قروقەپ، ژەنگ دەکرێتە شارەنگ

مرۆڤ واز لە خانووەکانیان بێنن و بەلا ساکردنەوەی بزن بێنە ناو سروشتەوە

خانوو بەلاشە، پاشانیش.......

بیناسازێکی نیمچە شێت لەو چۆلەوانییە، ئالۆزخانەیێک قیت دەکات.
زەبرکارێکی سەر رستەی جلکان، خەڵکی تێدا دەبەستێت. پاشانیش.......
بەمافنگی لە قومارخانە دێتەدەر و بزمارێکی ژەهراوی لە بنی پێی رادەچێ
بۆوەی خۆی شوێنەوار بکات، لە تەنیشت ئاسەوارێکی خوێواوی خۆی فۆتۆ دەکات و دەیکا بە جەژنانەیەکی چاپکراوی رەنگاورەنگ و لە بۆرسەدا دابەشی دەکات، پاشانیش.......
جلکی پڕ دۆلاری خۆی فڕێ دا ناو بورکانێکی دەماغسزی دەمدەمی، دوای رەقبوونی دەرداوی تواوەی، دەعبایێکی بەردینی بێناو بەرشێوە دەبێت. زۆر دەگمەن و ئەنتیکە، لە جامخانەی هۆڵی پێشوازی دای دەنێت، یەکەم راسپاردەی مەکینەی ردێن تاشین، دژی خوو و سروشت بن، پاشانیش.......
تۆک دەڵێ: فرۆکەی شەڕ، خزمەتکارمە. کەلاوەی پێ بەڕادان دەدەم، پاشانیش.......
لە کارگەی بایلۆژەی بێپەیام دا گیانداری رەگخۆری رەگبڕ، بێ حسێب دێتە بەرهەم، بەپەلک و میوە و لقەوە لرفیان دەکات
درەختیش دەبێ کوو بن؟!
دارقەیسی کلاواسنێکی لەسەرە، دارتوو زرێدارە، دارسێو هاوەنهاوێژە
کەسێ ئەگەر خۆی بە بالا دادەنێ، با بێ دەس درێژ بکات؟!
هیچ شتێک نەماوە، خاک بە قۆناخی فەرهاد و فەرهوود رەتبوو،
گیانی پڕ تیزاب کرا.
کەڵبەی لە هۆش چەقی، پاشانیش.......

مار و عیسان بە دالغە و لە پێناو زاڵیی لە نێوگەی بازنەدا چەقگۆڕکێ دەکەن
رووتوقووت و بێ ئاگردان، بێ خوێ، مووی دڕکاوی لێ شین دەبێ
بە یادی رووتبـــازییـــەکی کـــابارێ بە زمـــان پەلک و رەگ دەڕنیـــتـــەوە.
پاشانیش.......
کاریکاتێریەتی نژنین لەناو تەقسی بۆنسۆی پێڵاوی لاستیق، ئافریدەیێک ساز
دەکات داوونەریتی رامیارەکانە: پەتکی کرد، نەقیزەی تێوەژاند، خازووقێکی
تێ بڕی
بە مەبەستی خۆ دەربازکردن
بەسەر ئاستەنگەکان پازی دا، کەوت و مێشکی رۆشا، خەیاڵی لە دەست دا و
تەنیا وێنەی بەدلۆجیک و بەدەندازەی بۆ مایەوە
داینا بوو بە دڵۆپە مرەکەبێک، نامەیێکی ئەڤین بۆ دەسگیرانەکەی بنووسێت
دێوێک لەناو پیتەکانیدا پەرتە
بەگەمەی لەخۆڕای ژمارانێ، دەگەنە یەک
پەرتی کە، مەترسە، تازە دەسکوژی ئەوی، چاوەنۆڕی مردنی خۆت بە
پاشانیش.......

لەناو ماکیاجی ئارتێستێکی فلیپینیدا، نێرە ئەژدەرێکی قوبروسی پێناوکاری
بۆ دەکات و لە دووڕیانە پوولەکییەکەدا، پیسایی بە چارەنووس دادەکات
پاش هەر نەڕەنەڕێک بوومەلەرزەیێک پەیدا دەبێ
دوای هەر پێوەلکان و جووتبوونەوەیێک، کوشتن ئامادەیە، جا بڵێم چی...
گەمانی دڵپاکانیش چەقۆبازی دەخوازێ.....
بۆیە لەگەڵ دێوان، تەبانامە مۆر ناکرێ، ئەگەر ئەوان دڕندەن
خۆ مرۆ لە جامی سۆپەرماشینەوە، لە هیکرا شیشکەی سوورهەڵگەڕاوی داخبوو
لە چاوی رێبوارانی سەر شۆسە رادەکات.
ئەوانیش بە بۆرەخزمایەتی لە مرۆڤن
مرۆڤ سەرەتا، خۆی جلپۆش کرد و بۆ خۆی قەرەوێتی داهێنا و بە قاپووتەوە پیاسەی ناو بیابانی کرد. کۆتا بە دەرپێ، دواتر دایکەند. دواتری دواتران کێ دەزانێ؟! ئەوانیش سەرەتا خۆیان مووپۆش کرد. کۆتاییش بابزانین:
با نەبێتە شەڕە جەنگەڵ، هەر چەندە، شەیەکی باغەی حیز نێوانیانە
ساڵگار بەزەبری قامچیی مۆمکوژینان سووڕایەوە
پارە بووە دێو
چەک بووە دێو
جۆشینە بووە دێو
سێبەری کەوتە سەر تۆپی زەمینی ئادەمنشینان
دێو بە دەنگێکی گڕ و قەبە دەمرێنێ:
بۆن دێ بۆنی بێگانان دێ....

٢

دێوەکان لە ساڵی ٢٠٠٠ وە
بە وشکە قـەڵەمی غـەزرۆکی عـەرز و حـاڵنووسـێک، کەوا دەزانـێ کـونەکـانی
واسیتە و بەرتیل لە کوێن. بە رەسمیاتێکی ئادەمیانە و زیاتریش
دەچنە نێو هەزارەی سێیەمەوە
دێوەکان. دەبنە مرۆڤی شارستانی
نامانگەزن، پەنجەمان بەخوێن دا ناینن
ئیتۆمۆلۆجیای خۆیان دەبەنە سەر رەسەنێکی سپی و چاوشین و دەریاوی
بێ چارەپۆش رەفتار دەکەن و دەخەنن
خۆگەرماو دەکەن و بەسابوونی لۆکس خۆیان دەشۆن
لە نێوان نێر و مێ و جنسی سێیەم جیاوازییەک ناکەن
کەڵبە و چرنووکی خۆیانیان رەگبڕ دەکەن.
منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە و کۆلیژ
بۆ فێربوونی دوا مۆدیل و دوا ئەتەکێت و دوا تەکنیک و
دوا زانست و ماژەناسی و ئۆلۆمپیاندن
کۆمپانیای کیشوەربڕ دادەنێن
بەکاری بازرگانی و دیبلۆمات خەریک دەبن، سەردانی وڵاتان دەکەن
سپی رەنگی ئالآیانە و کۆترە سپییەکەی پیکاسۆ دروشمیانە
جیهان پایتەختیانە و تا بڵێیش ئاشتیخوازن
سەربوردە و هەکایەتیان دەبێتە سیناریۆ و دێو فلیم دەیکا بە تلیشێکی
سەرکەوتووی سینەما و لە میهرەجانی کان بە ئامادەبوونی شاجوانانی
هۆلیود نیشان دەدرێت.

٣

دێوەکان لە ئەمڕۆدا
کولتوورێکی میللین، جهانین
هەر نەتەوەیێک بەشانازی و بگرە بە شۆڤینییەتەوە
رەگەز و رەسەنیان دەباتەوە سەر خۆی.

٤

مرۆڤ بەرەو لاڵی چووە
مەشپرسە، ناچاریان کرد، یا بە ویستی خۆی بووە
یان ڕێکەوتی زەمانە بوو

٩٩/١١/١٤

## فشقیاتی مێرووله

پەیکەری ڕۆدۆس
تەلەنتەرە بەس قەلەندەرە
بە بۆن و دووکەڵی قیری کوڵاو و ڕو گێژ بووە
کەوتۆتە سەر شارە مێروولەیێک
پاش حەفتەیێک
بە پرۆگرامێکی تۆکمە
لە زەخیرەداری ناچێت
لە شتپەرستی ناچێت
لە هونەریش ناچێت
لە پێناو دەچێت

مێرووله، برۆنزی پەیکەریان خۆی وەک بێژنگ، کونکون کرد
کە هیرۆدۆتس بەکنی ڕەتبوو
زەندەقی لێ چوو
بە پڕەپڕ پەڕەکانی خۆی پڕ کرد
ڕەشەباش، بەسەداوە بۆی دەیگڤاند و
دێر نا دێرێکی پێ تەلیسماوی دەکرد
خۆ بەڕاست کەچە پەیکەر
بۆ مێرووله جێیەکی لەبارە
ئاهەنگی (بەبەلاّشکردنی زەمین)ی لەناو بگێڕن



عەباس عەبدوڵڵا یوسف (٣)

وەختی ئەستوولێکی جەنگاوەریش هێرش بکات
سەنگەرێکی قایمە، خۆ لەناو بشارنەوە و
فیلمە سینەماکەی (درێژترین رۆژی مێژوو) ببینن و
مەی بەمەزەی مەحچەچە بنۆشن
بتریقێنەوە و پلار لە دیاردەی درۆزنانەی ئادەمیزاد بدەن
تاک تاکەشیان لە داڵغەی
(درێژترین جەنگی دەعەجانان) دابێت
نیاز خوازە نە بەنواندن...
بەڕاست بقەومێ.... سەرتاپا بقەومێ

٩٩/١١/٢٥

* درێژترین رۆژی مێژوو: ناونیشانی فیلمێکی سینەمای رۆئاوایە، لەبارەی دووەم شەڕی جیهانەوە.

## مۆمیاتی

هیچ هات، دەیقیژاند:... هەڵێ هات
لە چرە نسێیەکی تەڕ و تاریکەوە
مۆمیا، خۆی بەوشکی و خامۆشی ڕاگەیاند
دڕندەییێکە، لە کاتی نووستنی کاژمێر کار دەکا
مردن، لە ڕاستەوە هات...
پەرداخێکی پێیە
نیوەی ژەهرە، نیوەکەی تریشی هەر ژەهرە
لە چەپەوەش، ژیان هات....

بە پەرداخێک، نیوە هەنگوینی نیوە ژەهرەوە
بەو مەرجەش کەس نەزانێ، کامە نیوە چییە؟
بە هاوسەنگییەکی حەپەسێن
هەردووک، سەر لە ئێوارەوە تا بەرەبەیان
بە پێوانەی داوداو ژماردنی تووکی دێوێک
بە قورسایی دەبابەیێک
بەسەر لاشەی مرۆڤدا حندرحۆپ دەکەن
قەلەندەر، گیانە باڵشکاوەکەی لێ کەوتە چێشمەوە
کە ئاوڕی لە خۆی دایەوە
لەش بۆتە کەلەش
کەلەشێکی شاش و ورد و خاش
ئەرێ ئەوەی بەناو بۆرییەکانی جەستەمان دەگەڕێ
مسۆگەر خوێنە؟!

خۆمان بە ناو ئادەمین
بەڵام، خوێن یا پێست یا ئێسقان
یا دوو لەوانە یان هەرسێک، مۆمیاوین
لە تاقیگەی بایلۆجە و کیمیا، مۆمێتیمان پتر دەکەن
ماژەی مێژوو بەگومانەوە
دەچێتە سەر جۆرە ئادەمییەکی زۆر کۆن و نەناسراو
سێبەر، تێر سیر و خوێن دەبێت
دەگاتە ئاستە بەرزەی ودمی
تۆژینەر، تۆزی سەر کۆنە دەسنووسان دادەوەشێنێ
بەدوای کارەبای ناو جومجومەی شێتان دەگەڕێت
تووشی دەست لێوەشاندێک دەبێت
گەردوون، بەخاوی ڕێکەوتی خوارد
بەدزیندەیێک، نکاو هەڵدەسووڕێنێ

ئاگر، ئادەمیان گرد دەکات و فۆبیاداریان دەکات
ئاو، پەرتەیان پێ دەکات و
فێرە مللێنانێکی بێ تێفکرینیان دەکات
با، بالافڕەیان پێ دەکات و لەپڕیش باڵەوشکێنیان دەکات
خۆڵ، فێرە بنیاتیان دەکات و
بە بانگەوازی مار و مێروو ژێرئاخیان دەکات

ئی پێنجەمیش، شارەگەزی رەگەزانە
هێدمە لە پێشکە دەدا و
لە ئەپارتمانی هەورگریش
کەس نازانێ مۆمیاگەل چییان دەوێ
رەفتاریان هەیوولایە، وشکە خوێن خۆراکیانە
بێزمان لەناو زەمان، مت دەبن
بەهەزار تەحر خۆیان نیشان دەدەن
دەماژێنن هیچمان ناوێ
لە پێناو خمیش خەبات دەکەن
لاڵ بان، تێیان دەگەیشتین
ئێمە توخماتی مۆمیاین، هەر خۆشمان مۆمیاسازین

هەر کە تاریک داهات
هەر مۆمیایە و بەرِێیەک دەخزێ
لە پشتەوە بەدەمار ساردەوە
دەس لەسەر شان یا مل یا سەرت دادەنێت
بەختت سپی بوو، مای و نەمردی
تۆی زەندەقچوو ئاورِیش بدەیتەوە
لێت ونە و هەر نایبینی
مەگەر خودی مۆمی بزانن لە چ پلەیێکی تارماییدا
سێگۆشە، کۆکوژی دەنوێنێ
لە چ پلەیێکیش تاککوژی
کفنپۆشێک بەزۆر رامان دەکێشێ و
دەمانداتە دەس ئەفسانەیەکی کوێر
ئەوەش دەمانباتەوە سەر ئەفسانەیەکی شەلوگێرِ

لەوێشەوە بەرەو ئەفسانەیەکی کەڕ و لاڵ
دوا ئەفسانەش
دەچێتەوە سەر شاجوانێکی گەشتیار
لەبۆ گەورەمەندی و شکۆی هەڕەمەکان
لەناو مۆمیا پیرۆزەکاندا
گەمەی سترپتیز دەکات
لاسایی بزنێکی چەتوون و بێشەرم دەکات
رەشورووت، بەرەچەڵەک شازادەی فیرعەونن
لیکاو و تۆم و فرمێسکی بۆ دەرێژن
لە خۆڵەمێشی خامۆشییانەوە
مۆمیا بەزێڕەوە
هەم خۆش دەجۆشێ و هەمیش خۆش دەخرۆشێ
پێکەنینێک تا پلەی قاقا بە مۆمیخان
کە ئێستا بۆتە بووکۆڵە
تەنانەت ساواش، لێی سامگرتوو نابێت
شەلاتییەکی دنیادار، جرتێکی سەدادار
بۆ سێبەرەکەی نێرە مۆما دەکێشێ
کە برووسکانی رەتبوو کەسی پێ نەتۆقێندرا
هیچ هات، خۆی لەبۆ خۆی دەیقیژاند:
هەڵێ هیچ هات....!

١٩٩٩/١١/٢٥

## پانتۆمیم

خەڵکانێک هەن ئیشیان پانتۆمیمە
بەتەواوەتی نازاندرێ بۆ وا دەکەن
کەسێک، بەدرۆ خۆی دەکاتە بڵق و لێی دەبێتە راستی
چ نەهامەتێکە!
بیاباندن، کەسکاتییەکی نەهێشت
رووتکەی سەریش، هەر ئۆینی ئەوە
ئەویتر، بەڕاست خۆی دەکاتە خوێ و لێی دەبێتە درۆ
بابلییەکان، هەموو شتێکیان پەنهاندووە
بە هەتاویشەوە

ئەوی دی، بەدرۆ خۆی دەکاتە نەخۆش و لێی دەبێتە راستی
ڕێوییەکانی کەلیلە و دیمنە و
قەشمەرەکانی شێکسپیر
سەری پاشاکان دەخۆن
کەسێکیان، بەڕاست خۆی دەکاتە گلۆڵە تیلێک و لێی دەبێتە درۆ
لە سەدەی ئایندەدا
مانگ بە ١٣ رۆژ پڕ دەبێت
یان ساڵ، دەبێتە سێزدە مانگ
پێکەنینیش بە دەنگی قاقا، خێراتر و خۆشتر دەبێت
ئەویتر، بەدرۆ خۆی مووپۆش دەکات و لێی دەبێتە راستی
سەر لە بەیانیی هەزارەی سێیەم دا
هۆنراوەی پەخشان سەردەکەوێ

ئەویتریان، بەڕاست
خۆی دەکاتە پەڵە هەورێکی ئەندازەکراو لێی دەبێتە درۆ
کەس نەما... قەرەقوپانێ نەکا
بەردی رەقیش پێی وایە...
خۆی ژەنتلمانێکی چەترە فیلە
ئاشقە و یەخەی بە قەنەفلە
لە دەرگای ئاسن درا
کۆنە تەختاسنی ژەنگنی تازە بۆیەکراو
بە پەنجە تێی گەیاندین، خۆی گوڵەباخە
جن، وەستای ئەو هونەرەیە
هەموومان بەجارێ قەشمەر و زێدە چەنەبازین
ئەوەندەی باشە، پانتۆمیم زمانمان لێ دەستێنێ و
جەستەشمان بەرەڵڵا و ئازاد دەکات

١٩٩٩/١١/٢٥

## رەنگانێ

١

کنیاتساز دەڵێ:

سپی بەرە بوو

رەش قارا بوو

٢

ئادەمیزاد دەڵێ:

رەش بەرە بوو

سپی قارا بوو

٣

رەنگ دەڵێ:

گەمانەو بە نۆرەیە......

٤

کوێره و بەنێو دالآنه هەزار بەهەزارەکانی ونگەدا
خۆی دەداتە دەس ڕەنگ، تا ڕێبەریی بۆ بکەن
حەوهەسەی کلیلن
دەروازە کلۆمدراوەکانی شاستانی پەریرەشکی پێ دەکرێنەوە
دەست، هەر دەس لە بۆرایی پۆڕان دەدات
لووت، هەر زەردایی لیمۆیان بۆن دەکات
مێشک، هەر لە سپیواژی سپیپەڕان دەفامێ
گوێ، هەر جۆرەنگیی تەباران دەبیسێ
دەو، هەر سەوزاییی تەڕە دەچێژێ
دڵ، هەر بە قورمزیی لێوان دەجۆشێ
زمان، هەر بە هاوڕەنگەی زەخرەفان داخوێ
کە... سپی بوو
جیهان، قەترانی دەباراند

دوور بە دوور، پیرەخاوس لە قوڕەشینکەوە، جەجاڵی دەنژناند
دیمەنێکی کۆمیدیا بوو، کە دەبوو تراجیدیا بێت
لەناو لێڕەوارێک
ئادەمییەکی رووتوقووت و بێ حەوا
بەسەر ئاوێنەی ئاوا
تریقانەوەی خۆی دەبینێت، پێی دەسامێ و دەسوڕمێ.
سەدای قاقایە و
ردێنە رەشەکەی پێ هووڵ دەبوو.
بەزێدە تریقانەوەش، مووی بەری شین هەڵدەگەڕا

کە... ڕەش بوو
جیهان، پەمۆباران بوو
دەیقیژاند، بۆچی بێ ئەوەی پرسی پێ بکەن و چوکلێتی بدەنێ
زایاندیانە سپییەوە... نەیدەویست
هەر لە کەلاوەکانی هیچڕەنگ بمابا
حەیف بۆ گەردوون!
حەیفیش بۆ بوون!
هیشکەتییە و بە نیگاتیژەی پۆلیس و چاودارییی زمانگێڕان تەنراوە
بەڵخ و تەڵخ و کەرخ
سێینەی نەمرایەتیین، زیندووان نیوەکوژ دەکەن
بەگاز و گەززە، گۆشتی هۆرییان ڕەنگڕەنگ دەکەن
بەشوێن نوور دەگەڕێن، کوا نوور؟ مەگەر لەدوڕ تەندوور؟!
خێری خێراییی چرکەی نوور، یەک دونیا بۆمبایە و
بەسەر زەمینا دادەبارێت
وای لەو خەوشە خۆشە!

بەدنارنجییەک، جومجومەی ئادەمییەکی بە سەرەرمی خۆی وەکردووە
بەناو کوشتارگەدا هەڵدەپەرێ و دەگورێنێ
چاوێکی خمرەنگ، بێ پرسی زەردەی پایز
بەنیگاکاری، پەلکی درەختان هەڵدەوەرێنێ
کلوولووشی دەکرد، سپیپۆشی بووکی جر بە جر دەکرد
لە شەوێکی گوڵگوڵیدا، لە هۆڵی ئوتێلێکی پلە بەرزدا
قۆنتەراتچییەکی چاوبازلەیی بەپارەی بەنگ
سەرپەرشتی سەما و تێکوتەی رەشبەڵەکی هەمەرەگەزی دەکرد

دەوێکی لە بیرە پترۆل ناوە
لە شەوێکی پێشمەرگانەدا
ئەو لە سەرمان، خۆی بەئاگر گەرم دەکردەوە
ببوورن، سەرمای لە بیر نەبوو لە ڕەنگەکەی ڕادەما
ئاگرەی بێڕەنگ سووتاندی، یەکجێ کردی بەسۆتەک
ئاگرگۆنییش ژێندییەوە
ئیتر لەوساوە، قەقنەس هاتە بوون
بە تۆزاوێکی باینجانی، زامەکانی خەمباێک تیمار دەکرد
لە خوێندنەوەی فنجانێک
نێرەقاوەیی قورگی کچێکی تەڕ و تازەی زانکۆ بەڵغدار دەکرد
لەناو زەردێکی عەنبەییدا
سوورە ماسییەکی پانوپۆڕ و حۆپەنە مەلەی دەکرد
لە ڕەنگلەرزەیێکدا چاوەکانی فێرە تارماخوازی بوون
ڕەنگەنگێو بوو.... ئاا! واا!... لەو بەخترەشە!
کاڵی کە توخوا زێتر بە تیزاب یان تێلی قاپان یا بەردەپێ
کاڵی کە، بەڵکو گەنجینەیێک دەرکەوێ

لە پشترِا، زەوقانە ڕەنگان بەسەر میهرەجان دابپژێنە
ئەرک و فرمان، گشتی دێزن
ناو سەرت دەکەنە کاتژمێرێکی سەدادار
هەر چرِکەیەکی کوتکاسنێکە و دەیسرِوێننە مێشکت
کە زا .... هەر پێن شەش ڕەنگ دایکانە بوون
بە سیکاردێکی کۆڵ
پێستەی ڕەنگان دەگروێن
هەر ڕەنگێ، هەزار و یەک شەوی دەگێڕایەوە
خۆی شارییە و چاوی لە ڕەشەسمەرێکی بن ڕەشمالانە
لە لەشێکی قەیسیرِەنگ تێک دەچرِژا

(لێرەدا دەمەوێ بگۆزمەوە، واز لەو چامەیە بێنم ببمە پەخشانووس، شتناس تێبینی دا: مەرج نییە وشەی لەش هەر لەشی ئافرەت بگرێتەوە، ڕەنگە لەشی بەرمیلێکی تێکقوپاوەی نەوت بێت، لە شەوێکی بێ ئەستێرەدا مەجرووم خۆی بە لەیل جووت دەکات، ڕۆژانی تریش کامکردنە، چووبوونە سینەما تا فێرە ئەڤین بن، کەچی فێرە وشکە ڕەوشتیان کردن، ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەو ڕەوشتە وای لێ دەکات خوێنی پەردەی پێ پیرۆز بێت. با گۆزەگۆز درێژە نەکێشێت، بابگەڕێمەوە سەر چامەکەم):

هەر شەوێکی هەزار و یەک ڕەنگە
ڕەنگیش خۆگۆڕن، تووشی دەردە ڕارا دەبن
هەر ڕەنگێکی هەزار و یەک لاڕەنگە
لە ڕەنگستانا، جێی نەڕەی نێران نابێتەوە
هەر لاڕەنگێکی، هەزار و یەک بنڕەنگە
غازی کلۆر لێ ناگەڕێ توولە و تووتی لە سێنتاکسی ڕەنگ بگەن
ژوورێک بە پێوازی بۆیاغ کراوە
لە کەشوهەوایەکی برووسکاویدا تەڕەپیواز سەربەخۆ شین دەبن
شاعیرانەش بەبایەکی نیو قەیفەی نیو قەوزەیی، کەروێشکە دەکەن
لەپڕ بە شەپازڵلەیەکی شاڕەنگ، داهاتوو دەروونی خۆی ون دەکات

سوورت بەرامبەر ڕەش دانا
تا بە قووقەی کەڵەشێرێکی فستقی
گزنگی خنکاوی ناو چڕە دووکەڵ هەڵ بێ
ئەسپێکی بێ سوار زۆر بەتاو بەرەو شوورەیەکی پەرمێشان هەڵدێ
زەمەن بەشەلە شەل ڕادەکات
نەمرییش لە پیشەی خۆی بێزارە
لە خۆشبەختییەک دەگەڕێ
خۆی لە لێوی مۆر بدات و
هێڵە زێڕینەی ڕاست و دۆگماکەی پێ بشکێ
سەردەمی هاوکۆپیکردنی شووشانە
واتا کەلا شووشانە
گەڵای ژەنگاوی بەجادووی جەنتلێکی سمێڵ پەپوولەی ڕوو قەزوانی
ببێتە کەلاکێکی بلوورین

کەسکیان لە تەنیشت پورتەقالی دانا، سوندوسی تاری بۆ تاریی دەژەند
لە ئاهەنگی یەکترناسیندا، پڕووشکی کشمشییەکی بخوردار
بەسەر کاغەزە کاربۆنێکی خماوی داباری
بورجا بەلەک بە ئەنگاوتەی فەلەک، درزدار بوو
تەنیرەنگتان بەسەر پەمبە وەشاند، حەلوایی دەنۆڕێ
لە خۆشیی بیستنی ئاوازی بەتەناشی لۆرییەکی
پڕ بلۆکی چەقیوەی ناو زەلکاوێک
پەرییەک لە ڕەوە پەریانی ئاسمان دابڕاوە
بنەوشەیییەکی شێت خۆی دەشێلێت

خەنەیی دەردەچێ، ژنێکی ئێچەی تارانی خۆی پێ دەخەملێنێ
زەلامێکی خورتی ئەستەمبوڵی، سمێڵی پێ رەنگین دەکات
لاژیوەردی لەناو سورمەییدا بخووسێنە، سیمرخێکی لێوە هەڵدەفڕێ
بۆ زێدە زانیاری، کتێب مەخوێنن
بڕۆن لە سینەما بە فیلمی سکۆپ و رەنگی، سیمرخەکە ببینن
کافووری لەناو هەنگوینی، دەس لەناو دەس بەرەو مەبەس
لە رۆژێکی ساف عێراقی دا
بێگومان دەبابەیێک دەردەچێ، بێگومان یەکسەر تێمان دەگرێ
لە باژێڕی لەنگە لەناو رەڤەندە رەنگێکی جلکان
برایەتی گەلان دەدۆزییەوە
ئینجا منی بۆرپۆش، منی خاوەن منمنۆیێکی پێشنۆڕ
ئایندەبینی دەکەم
کەسنەدییەکان تا دونیا دونیایە
هەر پێشنۆڕی دەکەن و چ نابینن!
کەچە پۆستاڵێکی جەنگدیویان لێ دەبێتە کەرکەدەن
شەیدای وێنە فۆتۆی رەش و سپی و خانووی قوڕین و قەلۆغانە
نابێتە پاشنۆڕ

دژییەک لەناوماینێکی رەشبۆزی سەر رۆخی خەرەندا
کچی هەرزەکار بەخۆی و بە کورتە کراسی زەبەرجەدییەوە
شێتانە سەما لەسەر پشتی ئەسپ دەکا، رووەو بەتاڵایی دەیحیلاند
زریانێک کراسی هەڵدەداتەوە و ئەسپەکەشی دەکاتە ماین
دیمەنە نیوە رووتەکەی
دەبێتە زەخیرەی دەسپەڕچییەکی جیهانی ژێر پلەی هەژاری
بۆنی رەنگ دەکات
رەنگ خۆراکێکە و بەدەمی ئەپیخۆرسییەک خۆش و بەتامە
بەدەم رەواقییەکیش تفتوتاڵە و هەر پێی خۆشە
ئای... بەرچاوم، رەنگخنکێن بووە و رۆحم پێی رشایەوە
هەموو شتێک کەڕ و لاڵ و بێ گیانە
رەنگ بێ زمان بێ، دەبێتە هیچستان
بەداخەوە بە غژەغژێکی رادیۆ، هێماداری خۆی ون کرد و
لە بازنگەی ژیان دەرچوو
خۆڵەمێش لە رەهاکردنێکدا
بەفڕۆکەیەکی شینبڕ، بەدوای رەنگێک دەگەڕا
رەنگێکە، سەرتووەکەی شەوقدار بێت، تیژ و زیندووش بێت
لە بیابان، بریسکانەوەی بنڕەنگێک سەبەبکاری دۆزینەوەی کانییەک بوو
باقوبریقی لاڕەنگێک، بزنەگەلی خواوەندی هەڵدێراند
شەو نەدێزە نە رەژووڕەنگە، نەڕەشە نە گارییە.

شەو هەزاران ڕەنگە، هەر ڕەنگەی زەنگە هەر زەنگەی بەنگە
قەلەڕەشکە لە نووتەکدا بفڕێ
ئەو فەیلەسووفانی بێ سنوور فرە بۆچوونی بۆ دەکەن و
لە دەرڕاڤەش ناترسن
ڕەنگ، دەستم لێ دەوەشێنێ
بە گەوزانێکی سەر مافووری باخچەداریش چا دەبم
ڕەنگەکان تەمەنێکی بێ کۆتایین
جێی خۆیەتی هەموو شتێک بە ڕەنگی خۆی ناوزەد بکرێت
کاتێ حەوا ڕسکا، خەنە ئامادە بوو
ئافرەت ڕەنگە
نینۆکی بۆیەدارە، دەتوانێ بالووکەی سەر ئەرخەوان لابەرێ
هەر خۆی، خۆ پێ گەردوونە
هەر خۆی ئەو نەبا
ڕەنگ بوونی نەدەبوو... پارەش!

ڕەنگ بمرێ، خۆ لەخۆ بێ هۆ، زیندوو دەبێتەوە
ڕەنگگۆڕکێ سەرمەدییە
پێشان بیابان ئاوەدان بوو، کوللە هێرشاندی و قڕی تێ خست
ئەرێ هۆ ئەوەی لە تەماحی پیتێکی نەخوندراو
دەچێتە دوورگەیەکی پڕ مار و عەزیا
لە دەنگدانەوەی بەدەنگ خۆ نەچوویان
مەرامی خۆت هەڵکرێنە و لە گوێت تەقەتی کە
کەسۆ... سیس لە کەژ جودا کە
لە پێشتا... بەسەر لێژاییی قومستانا
قەزەف دەشکێ و پورتەقال هەتا هەتایە، غلۆل دەبنەوە
بایێک بەتوندی و هەمدیس بۆ چوار لا دەیانهێنێتەوە،
هەمدیس... پەرتەن
ماڵوێران، خۆ سیزیف نین!

ڕەنگە فووی فیتەداری سوورە بایێک بێت
خۆت لەناو سندووقێکی سیحراویدا دەبیە شامسکی
لە کونێکەوە، بەداڵغە سەیری ژنانی رووتی سەر قوم دەکەیت
ڕەنگی ڕەش ململانێی لەگەڵ زەمزەمەی سپی دەکرد
ڕەش لە سپی بزەوجێنە
کەشتی لەناو دەریای ئاسمان دەگەڕێن
نایابترین ئەرمەغانی زەمینی پێنەدیو هەڵدەگرن
گەمژەیی کەوتە نێوان پرنجرەنگ و ئاسنڕەنگ
شاری گەورە گەورە، لەسەر نەخشە سڕانەوە
بەڵان پاشان، کە ڕەنگان دۆزرانەوە
سروشت پلاستیکییە...
قەرەج ڕەنگپەرستن
چ ڕەنگینە دڵیان!

چیغ و توورەگە و هیربار، کەروبار و خیوەت هەر رەنگبارە
کەڵەشێری سەر باریشیان، تاوسێکە بۆ خۆی!
لە رابردوو بن هەر ئێستایە، بچنە داهاتووش هەر ئێستایە
کەسیش هەندی وان رەنگناس نییە
ئێستا بە کاتژمێری سێبەر

هاودەنگ و هاوجەنگ و هاوسەنگ، بە هاوڕەنگ دەبنە هاوژەنگ
گەر فیردەوس پڕ ڕەنگە
ئەوا پیسایی ئاودەسخانەش فرەڕەنگە
مێیەکی ئاڵادار بەسواری ماتۆرسکل
خەیاڵاوی پیاسە دەکات
کراسێکی مارۆنی لەبەرە، شەبقەیەکی سووربەڵەک
شێتە لە بۆ ئەستێرەیەکی سیق
لەو پێناوەدا خۆی کردووە بەناو قوڕێکی لیق
هەندێ ڕەنگ خەتەرناکن
لەبەفرستانا کۆتر بۆ خۆگونجان یا فریودان پێویستی بەسپی نەما
ڕاوچی نهێنیی بەفری زانیوە
بەفریش فێڵە زافەرانییەکانی ڕاوچی ناسیوە
سپی، بە نەعلەت بێ زەمهەریرە و تۆی ڕەق کردەوە
با کۆترێکی ماڵی بێ و لە بیرکراوێک بباتە بەهەشت
کە دیواری کۆنکریت نوست، خزایە نێو ڕەنگنامەیەک
هەموو بنیات و بنهەست، بەئازادیی خۆیان، هەناسەکاری دەکەن
یەکێکیان دەمانگەڕێنەوە سەر زەمانی بە هێل و دارچین
دایکم بەقەڵەمی پاستیلی سپی، پۆرترێتی کچێک وەک خۆی جوان
لەسەر کەچە مقەبایێکی ڕەشبۆر کێشا

بەدەست چەرخی مەکینەی درووومانی دەسووڕاند
ئالاوواڵای بۆ درووو و بەئاڵ ئاڵ بۆنداری کرد
لە مانگەشەوێکی گەلە رووناک دێ و لەبەری دەکات
برام حەزی لە قەڵەم دارینی ڕەنگاوڕەنگ دەکرد
دارهەنارێکی کرد، چۆلەکە بەڕاستی بەسەریا هەڵنیشتن
خوشکم حەزی نەدەکرد، مووروو و دەنکە مورتک لێکدی جودا بکات
من حەزم لە قوڕی ڕەنگاوڕەنگی دەستکرد دەکرد
بە ئافریدەکردنی سەگ، ترسم لە خۆ دەرکرد
رەنگی ئاویش ئێمەی بەدووی خۆی ڕاکێشا
تا بچین لە رووبار مەلەوانی بکەین
چووین و پەنگاو بووین
ئەفسوونانە، تواینەوە و ئاوی سنوورنەناس
ئاوی شوونبڕ، رۆی... رۆی... رۆی و
ئێمەی رژاندە نێو ئۆقیانووسێکی پڕ نەهەنگ
لە یەکڕەنگیدا، هیچ دەمانخنێکنێ
لە فرەڕەنگیشدا جارێکی تر هەراش نابین
ئاژاوەی رەنگان، لە هەموو ئاژاوەیێک سامناکترە، بە نەهامەتترە.

٥

منالّەکە، کۆلّکەزێڕینەیێکی ڕەسماند

حەوڕەنگەکەی:

بولبولی، کەروێشکی، بازنەیی، تەماتەیی، ئیسفەنجی، پاسکلانی، چوکلێتی

***

رەنگانێ: مەبەست لەو ناونیشانە

١- گەمەی ڕەنگ و مرۆڤە

٢- گەمەی ڕەنگ و ڕەنگە

٣- گەمەی ڕەنگ و زمانە

٤- گەمەی ڕەنگ و هەر شتێک

٥- خوێنەر خۆی ئازادە لە هەڵبژاردن و دۆزینەوەی مەبەستێکی تر

## کەری بۆریدان

هەوەڵ جار... کەر

هەوەڵ جار... بۆریدان

(کێهە سەرەتاتر بوو؟ کامیان هێروەتر بوو؟ تکایە، ئەم نووسینەی سەرهێڵ نەکرێتە پێوانەی یەکەم و دووەم. زەحمەت نەبێ، دەنگی خوێندنەوەشیان، هاودەنگ بێ، پرسیاریش بە جیا نەبێت، با بەپەتا رستە بۆریداناوی نەبێت، دەکرێت بە دەنگ و نیگایەکی بازنەیی بگوترێت و بخوێندرێتەوە:

بۆریدان کەر....

بۆریدانێک هەبوو....

گاڵتەی بە کەر دەکرد

ئەوانی پاشەخۆی، بەناوی عەقلەوە

هەر گاڵتەیان پێ دەکرد

بەسەرکە کیلۆی ئاسن و مەتری پۆڵا کوتایان

ئەو... ئەووو لە بیرم چوو! ئەم راناوەی (ئەو)ە لەبۆ کەرە یا لۆ بۆریدانە؟!

با بۆریدان بێ
ئەو خۆی بە فەیلەسووف دادەنا و
بەسەر رۆخەکانی ئەوپەڕ رۆخدا پیاسەی دەکرد
بووە فەیلەفووسی (ئەوەندەی نەمابوو...) و (خەریک بوو....)
لەسەر بناخەی تڕوفسێک، کەشکەلانێکی رۆنا
بووە پیتۆڵی شێر و خەت
لە بازاڕا بۆریدانی بێکەر
مارکەیێکی بەدەڕمێنە و فلسێکی سووتاو ناهێنێ
لەم لا قتووبەند و سیگار و لەولای جلی دوا مۆدێل دانراوە

بۆریدان.... نەکەرەکەی
لەناو رەهاییدا بەختەوەر دەژێت
کەوتە نێو تەڵەی دووانەوە
لە پەرستنی رابردوورا بەباز بەرەو داهاتوو چوو
وەک بوتێک رەقبوو
لە نێوان زوود و عەربەدە
وەک پیرە پاسێکی گوندان پەکی کەوت
قەت کەس بڕوا ناکات
کەرەکەی رکە لەگەڵ کەری کورد بکات
تەبان، لێکاشنان، بەیەکەوە ئالیک دەخۆن
بە تەوسەوەش ئاوازی...

(جاشاتی- پاشاتی) دەزەڕن، دەژەنن
مناڵی هەراش
ئەوانیش وەک بابەکانیان سادیین
بە قورسایی، باری لێ دەنێن و
پیس بەناو چەقەن لێی دەخوڕن، پیس پشتی بریندار دەکەن
دەشیخەنە نێو فەرهەنگی جنێوەکانیانەوە
رەنگە، زەوق لە هەندێکیان وەرگرن
کاتێ بەخوشکە ناسکەکانیان بدرێ یا بە دایکە تەڕپیرەکانیان
تەنانەت لە هەڵبژاردنی شتێک
لە جۆ یان گۆشتاو
مات و حەیران و برسی مایەوە
لەبەر ئەوانە
ژیان، ئەو بەستەزمانەی بەخۆی و فەلسەفەکەی مراند
کەس نازانی گۆڕی لە کوێیە
بشزانن ناچنە سەردانی
دەسکەگوڵێک ناخەنە بانیەوە
کەرەکەی فێرە ئەو وانەی فەلسەفە بووە

بەیانیان... وازی لێ بێنێ
ئێواران... بێتە سەری
ئەم ماوەی نێوان ئەوەندە وردە، بە ملیمەتران پێوراوە
حەبێکی دژڕاڕای قوت دا
جا گیای خوارد و رووی لە ئاو کرد
بە وەفاداری و رێزلێنانەوە زەڕی
ئەو بۆریدانەی رەحمەتی دەوێ
کەر نەمرایەتی بە بۆریدان بەخشی
بۆریدانیشم بەهۆی کەرەوە ناسی
کەر نەمرە
ئەمەش لە کۆنە ئەرشیفێک دۆزرایەوە:
بۆریدان خۆی کەرەکە بوو

٢٠٠٠/٣/٢٣

## شار لە زار

پاشملە، پیشەخۆشەی شارستانییەکانە
کاڵایە، بەها بەرزەیە
بە لێگەڕێ، با هەبێ، دێ و دەچێ
لە ماڵان، خۆشترین کاتیان
بە غەیبەت دەبەنەسەر
تەنانەت سەیرەی تەلەڤزیۆنیش، لە بیریان ناباتەوە

له فه‌رمانگه‌کان وا ده‌که‌ن
که‌سێ نه‌مینێ
به‌رده‌ستان، ده‌خه‌نه‌ به‌ر تیشکی زمان
له‌ پیاسه‌ی ناو گولانیش، درێژه‌ی پێ ده‌ده‌ن
ده‌پژمن و ئه‌و ناوه‌ چڵمرێژ ده‌که‌ن
چڵمه‌که‌ش، زمانداره‌ و ده‌بیسترێ
چی پێ نه‌کرێ
شه‌ڕه‌مێشێک ده‌قه‌ومێنێ
که‌س نه‌مینێ
ناواخنی ته‌نه‌که‌ی زبڵی دراوسێ ده‌خوێننه‌وه

لە ئاودەسخانەکانیش
سەر دیوار دەنووسن
ژنەکان
دۆڵمە و دۆڵدرمە و خشڵ و ژنانی تر، پێکەوە قووت دەدەن
مێردەکان
بەخەیاڵی هاوسەری تر
لەگەڵ حەلاڵی خۆیان. رەفتار دەکەن
پیرەمێردەکان
عەگیداتی و لاوک و بڕنۆ دەیادێن و
لەعنەت، لە بێ روحمی ئەمڕۆ دەکەن
پیرەژنەکان
سەردوولکە بۆ جوانەمەرگان دەڵێن و
دەبنە سەرەخۆرەی زیندووەکان
کەس نەمینێ
باس لە شازی جلوبەرگی لەنگە دەکەن
سووتانی بازاڕەکەشی دەکەنە سەربار
خەفەت بۆ جلکی نەکڕدراویان دەخۆن

کچەکان
مۆز و گۆرانیبێژی کوردی هەندەران، پێکەوە لرف دەکەن
لاوەکان
چەرەزات و نەوال زوغبی و باوکی خۆیان، پێکەوە دەقرتێنن
شیرەخۆرە
بەناچاری، کرانە ئۆدیپۆسەی شووشەی مەمەدار
نەزاوەکانیش
بەزەبری بەرتیل
بەسکێکی پاشتر یا گەلێک پاشتر، خۆیان دێننە دونیاوە
داهێنانی نوێتر و میهرەجانی نوێتر
سەیرەو عەنتیکەی داهاتوو ببینن
کۆنە گوندانی، تازە شارنشین
ئەوانیش فێر بوون
کەنگر و ماش و پەرلەمان بخۆن
وا بڕوا، هەموو گوندێک دێتە ناو شار
بە پلە یەک، لەو ناوەدا، دەوڵەمەندەکان زەمبێژن
شاناو بە پڕۆژەی زەمبێژیی خۆیان دەبەخشن

شار شار رادەکێشێ
بەکتێبی ڕێبەرنامە بەرەو ئەوروپا
قاچاخچییەک کۆچبەرانی بەدشانس، بەرەو ناخی ئیژە دەبات
پرسەکار، شین بۆ شەهیدانی ڕێی پیرۆزگەی ڕۆژاوا دەگێڕێت
ڕێوی، لە میکیاڤیللییەوە فێرە ڕێویاتی بووە
ڕێوی، لە شارا لەدایک دەبێ و هەر ئەبێ لەوێ بێ
زمان بەڵای سەرە!

له زەمانی چ دیکتاتۆرێک، ئەو پەندە گوتراوە
ئەهها...! هاتەوە بیرم
داپیرەی داپیرم دەیوت:
سەرلەئێوارە، توند دەرگەی ماڵان پێوە دەدرا
تا رووناهی زەقی بەیانی هات و نەهات، نەدەکرایەوە
هەر دەشگۆڕێن و دەشگوترێن

بە نموونە، نووکورد وێکرا لە نووپەندیدا دەڵێ:
– زمان نە بەلاّی سەرە
هاتەوە، بیرم، کچی کچم دەڵێ:
ریکلام دەرگای مێشکیان قەپات کرد و غەیبەتی والاّ و ڕەوا کرد
خامۆشەکان
قەوموقیلەیەکن، فێرن قسە بە ئەلغام بپێچنەوە
قەشمەرەکان
برۆ لە کچانی بێژەری ناو شاشەی تەلەڤزیۆن هەڵدەتەکێن
مۆنەکان
دەمەلاسکەی لاستیکی تایەی سووتاو دەکەنەوە
دیمەنی برینێکی دەموالاّیان، پێ لە فیردەوسێک دڵگیرترە
پەنگرەکان، تا دەبنە خۆڵەمێش
چیرەی درێژ بە پاسەوانانی دەوری ئاگردانەوە لێ دەدەن
تینی پەنگرێک. گومان دەخاتە دڵیانەوە
میوەی باخە لە میوەی بەڕاست جوانترە و بەتامتریشە

لاتەکان
لە جیاتی هێرشبردنە سەر قەڵای ساماندار بە سام
فێرە لەوچە و لەغوە کران
نەک چاو، زار لە شار
هەمیشە خەونسازە
گەرچی فرۆشیارێکی رسقسوار
بە بۆیاغێکی شلی دارژاو
قەبە و نارێک، سەر عارەبانەکەی نووسیوە

العسود لايسود
لاوی قژ به کرێم
به ناسکاتی دەجوولێ و ژنانە بنێشت دەجوێ
موعجیبە بە جیناسەکانی لەبلەبی فرۆشێکی لەبلەبان
شەیدای بیستنی جنێوێکی شێخڕەزاییيە
لە شار باسی نهێنییان نە بڤەیە، نە گوناحە
بەو رادەیە بۆتە خوو
ئەدی ئەگەر باسی نەکات، شار، بۆ شارە؟!
کۆمپانیاکان، دەمدڕاوترین نهێنیبێژ، خەڵات دەکەن
حزبەکان خۆیان پێی گەشە دەبن
لە رۆژ بازاڕی قیامەتیش
زەلامێکی سێبەراوی، بە بەردی پرێمز
سەرزمانی نهێنیبێژان، داخ دەکات

٢٠٠١/٣/٤

## سپێدەی هەموو نیوەشەوێک

بێ پێچوپەنا...
وەک مریشکی کارگە، سەر لە ئێوارە دەنووم
خەو دەمباتەوە، یا من خەو رادەکێشم؟!
توخوا بەردێکی بخەرە بانەوە
ئەوا، نەپرسیارێکی ئێستامە
ببڕای ببڕای، سەیری تەلەڤزیۆن ناکەم
کتێبیش چیرەی درێژە
خۆم لە ژانەوێنە و ژانەپەڕ دەپارێزم
لە نیوەشەوڕا...

یا نەختێ پاش و پێشی ئەو نیوە
گەر گەردوون بە پێشکەیەک ساتمە نەکات!!!
رێک و دروست، دەس پێ دەکەم
پەکوو... لەو رۆژگارە بەدکارە!
لەبەر زەبری رووناکی
شەو ئاژەڵێکە، زراورێژ کراوە، سەر لە دوونراوە
لە ستەمی خەڵک تۆقیوە
شەو لە تەڵەی شەوقان، خۆی بە دوور دەگرێت
گەنیوە، خوێنی ناو لەشی رووناکی
دەبا دەسوبر، زوو بیگۆڕین
تا لە گۆڕەوەی نەکردووین
لە نیوەشەودا، هەتاوێکی جوانتر دەبینم
بەتینی ئەو هەتاوە میهرەبانە
ناوەکان باش دەبووژێن، نانەکان جوان دەبرژێن
بێ خورتی لەخۆ کردن
ئان قسەی لووس، یان نواندن
تەواو، دەمارە گرژەمی، بۆی شل دەبێت

– بەیانیت باش ئەی بەیان
ئەی بەیانەکەی نیوەشەوان
لەگەڵ یەکەم ئەنگاوتەی تیشکی پیرۆزت
پیتا... ئاوەدانی دێختە دونیاوە
پیتی مۆرانەلێدراو، چا دەبنەوە
خۆیان، بە خوناوی رەنگاوڕەنگی فیردەوس پاگژ دەکەنەوە
بە مۆسیقایەکی نوورانی، خۆ دەمەستێنن
ساناو ئاسا، زولاڵ و حەلاڵ
بێخەوش و بێگرێ، رێک دەسرپێنن

بەحوبری پەریان
سەرهاتی کەسانی پەراوێزکراو دەنووسنەوە
ژیان، سەرەتا و ئاشنا دەبێت
خەڵک بێ سنوور، بەسەر زەمینەکاندا دەژین
بێ شیزۆفرینیا، قەڵەم دادەڕژێ
لە نۆتەکی تاریکاییدا
زمانی شت دەپژێ
بەرد سەما دەکات، پۆلا گۆرانی دەڵێ
نیرڤانا تەقسان دەجۆشێنێ
لێو و زمان بە شیرنگفتار دەدوێ
لەیل و مەجرووم، خۆشکام دەبن
بێ نۆستالیژا
سۆمەرییەکان، بەر لە ژاراوبوونی رۆناهی
بەسەر تاتەقورێکدا
پوختەی کردەیەکی ماتماتیک

بزمارنووس دەکەن
جەوهەری گەردوونی پێ تام دەکرێ
بەدەستیش، رەها دەگیرێ
ئا بەم رەوشە خۆشە
جۆگەلە، بە پەیام دەڕوا
تا کەڵەشێرێ بە دەنگی نامبارەک
کۆتا بەشەو رادەگەینێ
تێکچڕژاو، تێکژەنگاو، تێکژاکاو، تێکقژقژاو، لێکژەقناو
بەیان چاوە بە جیقەکانی دەکاتەوە
دکتاتۆریەتی تیشک و ژاوەژاو
یەک لە یەک دەزێن و جیهان پەتادار دەکەن
بە ققووی شوومەوە، بەدیی بەخەبەر دێت
فڕۆک، بۆمبا بەسەرمان دا دەبارێنێ
سوپاگە، بە لێشاو ئاگرمان تێ دەگرێ
لەو بەیانە بەهارییەدا، بانگ بدا
بە تەوران، تەمەن کورت دەکرێت و
خەونیش بە زیندەوە.. کامۆسدار دەبێت.

٢٠٠١/٣/١٥

## پرنج

کۆرس دەنگی خۆی پێ خۆشترە، بیر لە گۆرانیبێژ ناکاتەوە
چل گۆزەی پڕ لە ئەزموونی گەلان، لەبارەی لەپڕ وەستانی پاش غاردان
لە تەک درەختێکی شەلەن، بە ئەنگاوتەی تۆپگرتنێکی سوپای عێراقە
لەوێ.... میوە بەجیوە دەبەرگێنێ
ئەڵلاخوایی، پێشکەی جەربەزە، پرنجی دەروازەی گەنجینەی سیری پیرۆز کونکون کرد.
دیناصۆر؛ فەقیرۆکەیە، قەشمەرۆکەیە، بۆتە نۆتە، بۆتە مارکەی شەکرۆکەی منداڵان

پێشکە، فرۆکانی بەسەر مرۆڤی ڕاکشاو دەهێرشێنێ
دڵۆپەیەک، پاشماوەی بارانێکی فەللاحی
بەسەر لاچەپی چاویلکەکەم نووساوە، بەعەینەکەوە نووستم
بەناو کونی گوێ دا، دەیقەومێنێ
بۆ لەوێ؟ لێی بپرسین
دیواری بەردی قەڵایەکی ڕۆخ دەریا، مەستی ئاوازی هاژە و هووژی دەراوە
بەهۆی بەدپێوانەی کەوچکەوە، سیستەمی هاوبەشکاری تێکچوو
لێرە، سۆشیالیزمی تەنیا لە دابەشکردنی ئازوخەی UN ماوە
مردنیش سۆسیالیزمییەکی هەتا هەتایە

لەش شیاوە، بەهێڵی لار لار تا ئاستی هێلکەیی بە زەقی ڕەنگ بکرێت
بێ دانانی مەرجێکی بازلیایی
دێڵە گورگێک بەگوانی خۆی، شیر بەسەر دڕکاندا دەچۆڕێنێ
بە قاپقاپە لە دەماری پشملی باوێشکهاتوویەک درا
لە کورسییەک دا بەرامبەر ڕەهاوەری بیابان، لە کلاسیکاتی قوم دەگەڕا
دابەستە، شەیدای ئەو دەنکە ورد وردانەی خوێیە، کە بە پرنجەوە نووساون
بە بۆنێکی موگناتیز، دابەستی چووە پێش و
دەسنووسی نیففەری لرف کرد، ئەوەی شاردراوەی ناو کا و جۆیە
نایەوێ بە مەینۆشی، زێدە مەینۆشی خۆی بکوژێ
مەرگێکی بەرسێبەر، زێدە بەر سێبەری دەوێ
میتامۆرفۆسەکان لە پەنای مەردایەتی بوتڵێکی بەتاڵ و کاڵ
ڕقی خۆیان تۆخ دەکەن
تۆخمیان دەخوارد و ڕەخنەیان لە شۆڕشی ڕۆشنبیری دەگرت
جۆتە جزمەیێک لەناو باخچەی ئاژەڵان، هەڵترووشکاوە
دەڵێ کچێکی سمنەکراوەیە و شەپۆلی ڕووناکی بەنیازە لێی بەزاوابێت
زەوقەکەیان، شەپۆل شەپۆل نەبوو، داو داو بوو
یان گندۆرە گندۆرە بوو، بە جۆری گندۆرەی لاقوزە
پێچەی سەر چاوە شەرمنەکانی لادەدا

له پاش بوومەلەرزە، قۆپچەی پیرە پاڵتۆیەکی جەنگدیو ون بوو و نەدۆزرایەوە
ئوتووە رەژوویەکی ژەنگاوی لەبەر بارانە، ئەوەی پێشکەوتنی پیشەسازیی
رێکپۆشی بێنرخیان کرد، پرتە پرتێک دەبێژێ، تەنیا ئەو پیرە پاڵتۆیە لێی تێ
دەگا

جوندییەکی قەڵەو پێی وایە مێشک بەهەرایە پڕ کایە

تازە هاواری لێ کرا: قف...... سر اللیل

دوو سێ تەقە بیسترا، تیمارچی بەتلیشە خامێکی سپییەوە

قۆڵە بریندارەکەی بۆ پێچایەوە

جۆرکێکی هەڵواسراوەی ناو ئەستەبل، لەخۆڕا هەڵتلیشا

هەزار کلیلی ژەنگاوی و یەک مەقەسی کول لێی کەوتنە خوارەوە

دەسکە کەرەوزێکی نیوەسیس بە دەور و سەریانا پەرت بووە

شار جادوو لە گوند دەکات
دختۆرە ژنەکە، بەڵغی سەر دانەکانمی رنی، قافیەکانمی شوشت
بە پەیتوونێکی شاهانە، بەدوای تیرێکی شووشەیی دا چووم
تیر بەلەز بەسەر ئاوان دەفڕی
لە جێیەک نەچەقی، منیش وەمزانی چەقیوە
بە ئاستەم لامەمکیم پێی کەوت،
برووسکەیەک وەک ترووسکەی فلاشی کامیرا، خێرا لێی دام
هەڵتەزیم و نادیاریم لێ بووە لییق و جییق،
ئەوا، وشکە بیرۆیە، گەمانی پاش قۆناخی رزگارییە
پرنج بە پرخەپرخ ژەنگن دەبێ و بە منگەمنگ بینینی زیواڵ بە زیواڵ
ئەگەر نەیگۆبا: کەنغر کەنگرخۆرە، خوا عالیمە لە پەنای درەختێک کە چەند رستە گلۆپێکی پێئالاوە و پێوەی دەناڵێنێ، جلکیان لەبەر دادەکەند.

لەوسەر ئەگەر لە هەموو لایەک سەیری سەر بکرێت، ئەندامێکی سەربەخۆیە
لە کەرخی لای خزمان، سەر بازنەیە
لای دەروازەی بازاڕی پەڕەچییان، سێگۆشەیە
لە چەرخی بیستەم، بە نەخشە و پیلان، درۆ بۆتە خوو
لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمین بۆتە ئەتەکێت
شەوە، بەشەو کۆترەکانی لێ هەڵفڕاند، بە ڕۆژیش نەگەڕانەوە کونەکانیان
لە قومارخانەی وڵات، دۆڕاندمان.... دەربەدەری بە چ حسێب نەکرا
بەندیخانە فت! نووزە فت!
گرمەیەک بەرەبەیانی لە خەو ڕاپەڕاند، شەڕە صەش، سەربار بوو
بە شرونقا وریا دەکرێتەوە، تا بەرگەی شەڕاسن بگرێ
بەرد! ئاخ بەرد! بە چ زەوقێک خۆی هەڵخەڵەتاندووە و جەستەی خۆی کردۆتە
نەخش و یادگار و پەیکەر و لاپەیکەر و تەلاری شارستانیەت

له رق، مشکێکی لاساری تەڵەبەزێن
کابان بەردەوام غژوبژ دەکات، مێشکی پڕ وەسواسەی پاکی بووە
کەچی مەرگ نەهات، مەرگ کاژمێری خۆی ڕاگرتووە
دەزانێ کەی دێ، جار جار حەزی لە ناکاوییە
هەندە جاریش لە ئەنقەستەوە، جەستەش وەک دوا گەڵای درەختێک
لە دوا ڕۆژێکی وەرزی پایزەدا
ماڵەکەی نابێتە ئاوێنە کوێرەوەری ژیانی پڕ قۆرت قۆرت کردووە
بەتێل و کەفاوی سابوون بەڕادەی داماڵینی پێست
یادگارە قوزەلقورتەکانی خۆی شوشت
بەرەڵلایەکان دەڵێن لانک زیندانی ساوایانە
پەپوولەیەکی ڕەنگمردوو، خۆی پەرتەی ناو هەڵمی کتلی ئاوی کوڵاو کرد
گۆڤارێکی میسری ناوی (حواء)ە، ژنانە بوو و وڕانی کەم تێدا بوو
جیهانی سەردەم، بوویتە فرەناو، بۆتە ناوخانەیەک نەسەری دیارە نەبنی
(کم بۆتە سم) (تۆن بۆتە گم) کاول بێ! چەند ناوێکی بەس بوو
سەعاتێکی خڕی بەرباخەڵە
هەر دەڵێ بەدەستی خاتوونێکی کولیچەساز پان کراوەتەوە.

چاو لە شاول دەکات، بەزنجیر خۆی بۆ ناو بۆشاییی گەردوون شۆڕ کردۆتەوە،
چەنگە نیشانەیەکی پرسیاری لێ دەبووە: دروشمی کۆمۆنیستان
کردەی شەرابە، بردەی سەرابە
– ئەرێ هۆۆۆ! وەتۆ بانگ کرا
لەبێ ئیشی مرۆڤ، لاولاوە تەپ دەبێ و مەریخ دەمانداتە بەر ریخ
ئەرێ پیاو لە شەفەقی چۆلاییدا بەکوێی خۆی یاری دەکات؟
ئەی لە نیوەشەوی دارستانێک دا بەکوێی خۆی؟

من لە حەمام قەت بیر لە فەلسەفە ناکەمەوە، بیر لەوا دەکەمەوە:
زەمەنی ناو بیر، بەکاتی سەر زەوی چەندی دێتە سەر یا چەندی لێ کەم
دەبێتەوە. هەر لەوێڕا، ئەو ئەرکە بە زبڵخانەی قەتەوی دەسپێرم
داڵغەچیش نەبووم، بەڵام.... بەڵامێک و نۆزدە فاریزە
بە تۆبزی و ناچاری و زەبر، داڵغەیەکم لەسەر پێستی گایەک تۆمار کرد
رۆژێک ئەگەر تەنی باری، ئێمە دەتوانین بە مووس
مووسێکی تیخکوڵ کە پێشتر ردێنی تابووره بەندێکی پێ تراشرابوو
ریتمی حەوز، سەدان زەنگوڵە دەزرنگێنێ
لەمەودوا، کۆرس نابێتە پاشبێژ
دیمەنی پاچە و دەریاچە، لەناو زەیتی بەرەڵڵا بووی مەکینەی کارەباسازی
بێ لێکدانەوە، لە گشت چاوێک دیار بوو
خۆڵ خەنی بوو، ئەممان خەنی!

به بیـاباندا رەتبـووم، بە درێژاییی سـاڵێک، مـانگم هەر بـە تابانی و کـابانی دەدیت
نەسست، نەکەم، نەقرتاو، رۆژێک دێ، ئەوەش هیوامانە
لەبەر شەوقی مانگەشەودا، لەسەر فریز سەما بکەین
زلهێز دژ بە سروشتە، شەڕ دەقەومێنێ
پاشهێز،! زێدە هێز! ئەی لە پاش ئەو؟!
بۆشایی، تیغی زلهێز کول دەکات
خۆی هەر خۆی، شێتێکی خوێناوییە
لەبەر رووناکییەکی هەرە دیار و ئاشکرا، بە تەورێک هێرش دەکات
دەبێ بە تاریکایی، چی و چی بکات؟!
بێجامەیەکی خەتخەتی شین و چڵکنی لەبەرە
زەنگە سوورەی لە پەپوولان بەرداوە
لەگەل کەوتنی دا،
دەسدانی تریفە و هاوپێکەنین لەگەڵ رەهایی، بەلاشە
لە خۆچوون، هەستێکی ناسک و پڕ چێژی پێبەخشی
لە بینینی پەیکەردا، چاوم سەیری مادەکەی دەکات نەک وێنەی پرنچ
بەرەق و خاوی، ئارمووشێکی نەرم و خۆش و دۆستە
لەخۆچوونیش، لە مردن شادیترە

١٦ لەسەر ٢٠٠٢/٦/١٧

## تومبێل... تومبێل

ئۆتۆمبێل؟! بۆ لە چ زێیەک لەدایک بووە؟
ئەیخۆ لەژێر زەوی دەرنەقولَیوە
یا لە ئاسمانەوە دانەباریوە؟!
تێمان بگەینە...
بەڕووناکی بوو، یا بە تاریکی؟
بڵێ کەر، هۆشی هاتبێتەوە بەر
جا بە رۆشنایی نموونە بەرزەی ئەفلاتوونەوە
لەخۆیەوە کەرێکی ئاسنی پەیدا کردبێ

تا چیی دی خۆی بەخۆ نەڵێ:
بارێ لە من هەر لە من
بە تەمەن... بە زەمەن
هەمووکمان لێی سوار بووین
هەیە نەزۆکە، لە چیاڕا بە خورجێکی پڕ کرۆسکەوە هاتووە
دیارییەکی بۆ نوشتەنووسێکی کۆڵکە خوێندەوار، هاوردووە
تا بە نزانامەیێک چارەی بۆ بکات
هەیە لە رۆژهەڵاتڕا، بە جانتایەکی پڕ حەشیشەوە
دواتر رووی لە شارێکی رۆژاوایە
خڕ، لە وێسگەیەک دابەزین و
شتێکیان لەناو ون کردووە

به نموونە: قۆپچەی پساوی قاتێکی تازە لەبەرکراو
لەوێ، کات کەوتە بەر جنجرۆکی شێتێکی دەسوەشێنەوە
دونیا، لەگەڵیدا بێ شوێن کرد
دەعبایەکی کاندارە، تاریکخۆرە
گۆیا ئەژدەرێکی گەلێ زەرندەیە
گزۆزدارە، پیس جغاران دەکێشێت
بە دوکەڵ درەختانی پەلکن، کەچەڵ دەکات
یان گاڵتە بە تەبارە دەکات، کوللەی تێبەر دەدات
گوترا: لە ئاوی حەیات خۆشترە!



عەباس عەبدوڵڵا یوسف (٧)

ئەوەی من دیم، کانیاو پڕی بۆقە شینکەیە
بەس بۆ دۆستایەتی گەلان
ئۆتۆمبێل ئاسان و ڕەوان تەرجەمە دەکرێت
لە تاسەش کەم تووشی دۆگمای وەرگێڕان دەبێت
تەنیا ئەوانەی تمتکیان سستە
خۆ دەجەڕبێنن
بە نزمی خلەخلی پیرەکیسەڵ دەگەڕێن
بە دەوری باپیرێکی کوێرەوە هەڵدەخولێن
لەوێ، شوێن بە ئێسقانێکی نووکتیژ، پەنچەر بوو
دونیا، لەگەڵیدا بێ کات کرد
هاوکات، بە بیستنی رووکردنی بارە بلۆکێکی قەللاب
دەچریکێنن: بژی پێ... بمرێ باڵ
زانست بە فیتی قەدەرێکی تاکبین
کۆمەڵ بەرەو پێشەوە رادەکێشێ
بەگ بکات...

وەردەچەرخێ، مەریخ دەبێتە خام و خاوێکی بێ خوێ
ئەدەبیش بەرەو پاشەوە
سڕبووی ناو خەونە خۆشەی نۆستالیژایە
بەدیید... دیید، بەردیش کاس دەبێت
پاش و پێش بڕوات، پێ لە ئەجندەیێک دەنێت و
دەمودەست خۆی بە مرۆڤێکی شەلە، بەرجەستەی دەکات
ئەملا و ئەولا بڕوات، پێ لە خەونێک دەنێت
لەو دەمەی یەکێک دەس بۆ خەزێنەی زێڕ دەبات
سەروخوار بڕوات، لە دیتنی فلیمێکی خامۆشی رەش و سپیدا
هاودەنگی دەکات
بەرد، تومبێلانە غار دەدات
دارهەنجیر، تومبێلانە غار دەدات
کرمیش، تومبێلانە غار دەدات
زۆر بەتاو غار دەدەن و
لە ڕێ، بیبەری تیژ بە بەستەبزاڤان وەردەکەن
دەبزوون، غاریان لێ دەبێتەوە فڕین
بە خواردنی پارووە نانێکی وشکیش

دەست، تومبێلانە غار دەدات... دگان، تومبێلانە غار دەدات
زمان، تومبێلانە غار دەدات... لیکاو تومبێلانە غار دەدات
خوراو بە راکردن دەچێتە نێو گەدەوە
بەڕاکردن (خۆنازە بەوەی پاشماوەش هەر جەوهەرە) دەبێتە پیسایی
هەر بە راکردنیش (خۆی پێ سیزیفە) دەکەوێتە نێو گووخانەوە
تێکڕا بە رەها، تومبێلانە غار دەدەن
بەهەڵکارین و نزای پیرەژنێکی چاوپیس
لە نشێوییان، ئیستاپیان بتەقێ
مێژوو، خێرا خۆی لە بیر دەبات
نەوەک خێرا بفەوتێت
سا، مشتومڕیان دەکرد
مێژوو بەپێی لۆری دەڕوا، یان بە پێی قەمەرە؟!

(تکایه... به هێمنی) سوودی نەبوو
دەنگمان لە هۆڵی شووشەدار دەردەچوو
نەوەکو بە دووبازیش تۆمەتبار بکرێین
بەپێی پاسکل دەڕوا... یان... قەمەرەی قۆشمە... یان... بە گرێدەر؟
چەقەچەقمان، دانی بە بیر و بۆچوونی جیاواز نەدەنا
لە خێرایەوە، بە هەشتاوی بەرەو خێرایی
هەبوو نەبوو........ (پێ) هەبوو
خێرا، ئازا، داهاتوو بکەینە ئێستا
بەشکەم میتافیزیکی پێ بناسین
خێرایی ببێتە پیرۆزی پیرۆزان
لەناو مێشکا، دەمارێکی جەربەزە

خێرایی و پێکەنین جووت دەکا، بە جمکی ڕەهای دونیایان دەکا
لە پەنجەرەی خێراترین ترومبێلەوە
هەر بەچاوی ترومبێلی منالآنەوە
سەیری هونەر بکە:
بەردید بە بیستنی دیید
نووترە، ئەفساناوییە و گاڕانییە
ڕەسەنترە، ئەفساناوییە و گاڕانییە
جوانترە، ئەفساناوییە و گاڕانییە
بەگەمانترە، ئەفساناوییە و گاڕانییە
لەوێڕا، پەیکەری نیگاکراو، فرە وێنە دەبەخشێ و
لەبەر تیشکی زەقی لایت
گشت ڕێگایەکی پێنەدیوت پێ نیشان دەدات
جرییو جرییوان دەبینێ

لەناو تابلۆیەکی رۆخ زەقتاشراوەی زەخرەفەدار
بەشێوەی دەقێکی رێزدار خۆشنووس کراوە:
سەیرەم بەو کەسەی دێت
هەموو رۆژان، ئۆتۆمبێلی خۆی دەشوات
کەچی سالّی جارێکیش، خۆی خاوێن ناکاتەوە
ئیدی ناو گوێ، پڕ لەڕەلەڕ دەبێت
دیید... دیید و ڤڕەڤڕەی ئامێران
تەناشی پیرەلۆرییەکی چەقیوی ناو قوڕ
خۆی سەمفونیایەکی خرۆشیارە، جۆشیارە
لە خەنیبوون لە قیژە دەدەن و هەڵدەپەڕن

ژن شەیدای سواربوونی ترومبێلانە
تا زوو و زۆر لە ماڵەوە دوور بێت
نێر تێر، بە چەشنی نێریی سەرشاخ
حەز دەکا، هەردووک بگەوزێنێ
با بەر سێرەش بێ
لیکاو و تۆواو، جەنگێکی دیالکتیکی بەرپا دەکەن
ماشین و شیرین... داستانێکی خۆشی شارانە
فەرهاد و ماشێن... داستانێکی تری ناو ژنانە
ترومبێل سواری کۆمەڵ دەبێت
فلیمیش مەراقی ئەوانە
شەڕە ترومبێلیان پێ دەکات
لە ئێمەش، فیتە، هەرا، چەپڵەڕێزان، ژماردنی شەڕان
خۆی بە شافەرمانی ئەهریمەن دروست کراوە
تا لە شارەوە بەرەو دەر بەڕێکەوین
باژۆ... دەشتە!

ترِ و فسان له بیر بکەین
رۆحمان، بێ پەساپۆرت پێی سپۆرت دەبێ
تا له پێچایی یان له تاسەیەکی سەر ڕێگا بمرین
به پرووشکه خوێن، گوڵێک هەر شین دەبێ
گەر تۆ هەر هەڵدێرای یا به تامپۆن هەلا بەهەلا بووی
بزانه شامەرگت تراجیدیایەکی شێکسپیره
چبوو، چ زا، چ کرا؟! با بەراوردێکی لێ بکەم
مرۆڤی ناو مرۆڤ، حەزی لێیه وا بمرێت
قیمه قیمه بکرێت، نه ئەفسووسه، نه داخیشه
ئادەمی له ئۆتۆمبێل، ئۆتۆمبێلتر بێت
جەسته و ئامێر، شێر و خەتی دراوێکن
به لەشگۆڕکێ بێگیان و بەگیان و ناهۆش، له ئادەم ئادەمیترن
ئاسنه و کوارگی لێ دەڕوێت
پلاستیکه و ماسی لەناو دەگەڕێت
لەم شارستانییه کۆلاژەدا
شەیتان به شافەرمانی خۆی راسپێردراوه
بەسواری تایەدارێکی دوامۆدێل و دواخێرا
بەسەر پێدار و باڵدار بگەڕێ
– خۆشرۆ بن... خۆشرۆ بن!
بەدوو پەنجه، پیتی Vی لاتینی هەڵدەبرێت
خەڵکیش لای وایه مرۆڤ له دوو دنیادا دەژێ.

٢٠٠٢/٨/٨

## هەڵەی چاپ

له شەڕێکا (ڕاستەکەی له شەوێکا)
به تەرزی ڕێچکەی، (هونەر ئی هونەره)
ئەوشەو (شەو بۆ شەو) بوو
جەماوەریش، که گاڕان بێ، تف (ڕاستەکەی فت)
حازرخۆری بەر سێبەره (ڕاستەکەی سەر سێپەڕە)
ئاسەواری ڕۆژی لەسەر نەبوو
شەوقی مانگایەکەش (ڕاستەکەی مانگەکەش) ئی هەتاو نەبوو
بەدیار چارپایەک (ڕاستەکەی چرایەک)
گلۆپێکی چەرچکراو
بەچەشنی قەندی شەوکۆر (ڕاستەکەی شەکر)
تیشکی سپیی دەدا و دەدا
لەبەریدا چوارده جۆر بێشکه (ڕاستەکەی پێشکه)ی ژمارد
هەر که بنوێ، پێوەی دەدەن

کلارنێتی بۆ ئێستره شەلە دەژەنێ
ئەویش بە سم و سەما، بەنوکتە (راستەکەی نوقتە)
پیتەکانی رستەیەکی شەپڵەدار، خاڵدار دەکرد
بە رەحمەتی (راستەکەی رەحەتی) نەفتی لە بوتڵ دەکرد و
بوونایەتی خۆی دەسەلماند
چەقۆ (راستەکەی چ قۆڕە!) دەستە برای چەقۆ
لە دیمەنێکی سەکسیانە (راستەکەی سەگانە)دا
خۆیان رووت دەکرد و
سۆندە (راستەکەی ئەستوندە) و قامکی گەورەی پێیان
پێشانی قوڵێکی (راستەکەی قوفڵێکی)بە گریز دەدا
وەی وێناند، کچ کچە (راستەکەی کەچە)
کەچی چێڵ دەرچوو

خرا، گەر جزدان (راستەکەی زیندان) دەرچووبا
دەروێشێکی سارابڕ
بەشوێن تاکسی (راستەکەی مەستیی) راستیدا دەگەڕێ
لەوایە، لە پەرستگە نەیبینتەوە، لە گوناحخانەیەک ئا
هەیشە بەشێتی (راستەکەی بەشتی) تێ دەگا
لە تەنیاییی خۆمدا، هاودەنگی شتانم پێ لە مرۆڤ گرینگترە
پێویستم بەکێکی سادە (راستەکەی کێکی بەقاوە) هەیە

با _ بەردان لە خورێنی (راستەکەی دەخورێنێ)
لەش لە خۆکپکردنیدا
بە زیپکەو قونێر خۆی دەقەڵەشێنێ (راستەکەی دەنەخشێنێ) و دەترشێنێ
مارێک خشی، خشی و بە مووی (راستەکەی مەی)ی بەرماوە
خۆی بەست بەست (راستەکەی مەست مەست) کرد
بەڕشانەوەی، خێر (راستەکەی خۆر) گیرا
هەتاو، سەرمابردووەکانی منداڵی (راستەکەی نالی) گەرم دەکاتەوە
لە مانگی میهرەجان، ئەگەر (راستەکەی ئاگر)
مەمان و میوان پێ دەگەیەنێ
خۆی چەتوونە (راستەکەی خاتوونە) و سەردانی ئاو دەکات
پێکرا لە جۆلانەی رەهاییدا
لەبارەی راوێژی (راستەکەی رەوانبێژی) فەلەکەوە
گۆرانی و ئاوازی منداڵان دەسترێنن
تا لە شابەردەوە، ئاو هەڵبقوڵێ
شەو (راستەکەی شووشە) جوانە
شووشە، کێش و سەروای بۆ چییە؟!
بە هەیوولاییش، هەر ریتمدارە

وا پەنجا سۆڵی (راستەکەی ساڵەی) تەمەنی رەتبوو
پێی وایە، شووشە لە ئافرەت جوانترە
ئارەزوو (راستەکەی تەرازوو)ی هەرزەکارانەی دەلەنگێ
لەناو بەردان (راستەکەی بەپڕدان) شووشەبازی دەکات
کراسێکی پەپوولەیی لەبەردایە
دەمێک دەمانگۆ، ئەی بنەوە (راستەکەی بنەوان)مان بۆ دەگێڕێتەوە
دەمێکیش دەمانگۆ، کراس نییە
پێستەیەتی و بە ئۆیە (راستەکەی بە بۆیە) پەپوولەدار کراوە
فریز، بە نەرماتی خۆی، پۆلا، فریو دەدات
لەو دیارییە (راستەکەی دیدارە) خۆشەدا
زەمەنمان لە بیر کرد
ئەویش خوا خێری بنووسێ
یەمەن، (راستەکەی ئێمە)ی لە بیر کرد

رەنگەکانیش (راستەکەی رەنگە کانییش)
بە کەسکێکی تۆخ، بولبول بچەهچەهێنێ
لە بنەوە هەتاو (راستەکەی هەناو) ئاهی دڵداران دەجۆشێنێ
میوەش حەکایەت دەڵێ
میوە، هۆزێکە (راستەکەی هێزێکە)
بە یەکپارچە باڵندەوە، بیر دەبینێ
چیوە، بە پارچە پارچەی هەورەوە، بیر دەبینێ
مرۆڤ، شیوو دۆ (راستەکەی شێواندوویەتی)
شەقوەشاندنی پێ بیرە
هەموومان لەم شارە (راستەکەی لەو شەڕە)
لە سایەی گزۆز (راستەکەی گاز)ا، دووکەڵکێشین
ئەوەم باشە
جگەرە راناکێشم (راستەکەی ناکێشم)
بەس نێوچەوانمە: لەناو ئاپوورەی دووکەڵان

سپێناخ (ڕاستەکەی سیخناخ) بم
ئای لەو درۆیە! خۆی دووکەڵاوەیە و
لە ڕەسمیات، شارە و ناوی جیهاناوەیە
ئەو ژنە (ڕاستەکەی ژانە) هاوتەمەنمە
لەناو کۆچ (ڕاستەکەی چۆک)مدا

ئەغیارە و یەخەم بەرنادات
رازییە، بەو ئاشە (راستەکەی ئیشە)
کە، شێخ سابیر (راستەکەی شێکسپیر) بخوێنمەوە
بەدوای چیدا بگەڕێم، باشە!!
لە ترو تەشقەڵەی شێکسپیر
شێکسپیر (راستەکەی شەکی پیر) نابینمەوە
مەگەر، لە شوێنێکی جیا و دوور و نهێنی
مەگەر، لە رۆژگارێکی پێش یا پاش ئەو
لە رەفتەی (راستەکەی رەفتاری) ژنێکی دوکاندار
لەوێ، لەسەر شانۆ
پایپێک (راستەکەی پیاوێک) دەوری ئافرەت دەبینێ
ئافریدەیەک (راستەکەی ئافرەتێک) دەوری پیاو دەبینێ
بەسەر چا (راستەکەی چیا) رووەو لوتکە هەڵدەزەنێ
بە بازاڕێکی (راستەکەی ئازارێکی) زۆر، سەرکەوت
خۆشبوو! گەلێ خۆشبوو!
لەوێندەر، یەکێک بە قاڵدرمەیێک (راستەکەی پێلەقەیەک)
ئەو شەڕانییەی تێهەڵدا ناو خەندەوە (راستەکەی خەرەندەوە)
هەموو راگەیاندنی جیهان
بە مەلە (راستەکەی هەڵە)ی ناو و شوێن و کات و چوونیەتەوە
بەهەڵەی بێ راستکردنەوە
ئەو هەواڵەیان، بڵاو کردەوە

* ئەم دەقە پێشکێشە بە د. سەباح عەبدوڵڵا ساڵح

## کاتژمێر... بەسەعات و دەقە و چرکەوە

کاژمێر، لە یەک بوو، دەقە لە یەک بوو، چرکەش لە یەک بوو
بەدەمی کیسەڵێکی ئاشق، بەرەو ژوان دەچوو
وێنەگرێکی هەتاوی خۆی و کامیرای سێپێک
دەستێک هاوێنەی هەڵدەدایەوە و بە ئیدیکەی
دەست بەناو سندووقی تاریکدا دەگێڕێ
لەو پزدانەوە بە رەش و سپی، شتێ هەر دەزێ!

له پێنج و هەشت دەقە و سێ چرکە
بە کاژمێری ئاشێکی کەمگریز
سووڵاوکەی پیرە خانوو
باراناوی بەسەر لانکێک داکرد
لە سێ و سێ دەقە و سێ چرکە
بە دەمژمێرەی قاورمەچییەکی هوورگن
لە مۆزەخانەی هەولێر
خەریکی نۆڕینی وردە پارچەی بتێکی بەرد بوون
سەگێک لێی فڕاندن و زوو صندانی کرد
شەش و چوار دەقە و یەک چرکە
بەکاژمێرکەی قەڵەوێک مەراقی قدیلانەکردنی برادەرانە
ماینی کاکم زا
منیش لە زەڵاتەی زمان گەیشتم

بۆیاغی مدبەق، بەلای شێرەوە، چین چین هەڵوەری
دوازدە و دوو دەقە و نۆ چرکەکەی
بەکاژمێری شێتێکی نووستووی ناو توونی گەرماوێکی گشتی دا
درەختێکی پەلکن، گەلە مێون
هێرِبووەکەی بۆنی ئەمۆنیا
بەسەر شوورەی ئاسن پازی دا و
لە رۆخ کۆڵیتی مریشکان خۆی بە زەوی دادا
بەچوارەی کاژمێر و چوارەی دەقە و چوارەی چرکەوە
تۆزێک زەوی لەرزی.
بە شەقەشەقی شووشەواتی ناو جامخانەوە
زانیت قەوماوە
کاژمێرەکە ئی سیپاڵپۆشێکی بێ شخاتە بوو
دەو یازدە دەقە و چوار چرکەیە

پێچەکانی ناو گوێی خۆی بەلۆفەکانی چیا شوبهاند
هەر تووتەی تێدەوەژاند
تا لۆرییەکی پڕ مەڕمەڕی پێ وەرگەڕاند
بەکاتی پاسەوانێکی سکراپی ئاسنوپاسن لە مانگی ئابدا
لە هەشت و نۆ دەقە و سێ چرکەدا بەکاتژمێری
داڵغەچییەکی ناو شەمەندەفەری خێرای ڕێی هەزار میلە
بینی، ئاژەڵی مەمکدار چەندی دلۆڤانە
بە پرسیارێکی پڕ سەفسەتە، وەڵامی لە زەقزەقە نا
لەبەرد، لە ڕووەک، لە گیاندار، لە ئافرەتان، لە نیشتمان
کامی دایکانەترە؟

له حه‌وت له‌گه‌ڵ حه‌وت ده‌قه له‌گه‌ڵ حه‌وت چرکه
به‌کاژمێری سان ئیکزۆپرێی فرۆکه‌وان
ئه‌و له گرێخووی ئۆدیپ چا بوو
نه‌شزانرا به‌یانی بوو یا ئێواره
له دوو و دوو ده‌قه و دوو چرکه
گومانی کرد
بێگومان به‌کاژمێری سسته‌رێکی ناوکبڕ بوو
پیس گومانی له یه‌کسانی کرد
چوو به فووته
پێی راسته و پێی چه‌په‌ی پیوا .
ئیدی ئه‌و جۆتانه‌ی جه‌سته‌ی خۆی به‌راورد کرد
تا گه‌یشته برۆ

بەکاژمێری سێزدەخوازێکی خێر لێ دیتە
مرۆڤێک وەک تۆی خوێنەر، دەچێتە سەر قەلآت
سەیری کات دەکات
کامەی پێ گرینگە؟ چرکە، یا دەققە، یان سەعات؟
بەشەو یا بە رۆژ؟
بلێ کاژمێرێکی شەو یەکسانی ئی رۆژە بێت؟
ئا... کاژمێرەی شەو سسترە
خولەکی کاژمێرەی شەو، خێراترە
کەس لە چرکەی کاژمێرەی شەو، تێ ناگا
ئۆف ف ف!
ئەوەی لەناو کاژمێر و دەقە و چرکەدا دەژێ
بێ مەبەست لەوانەی ئێرە
چ درِندەیێکی دلرِەق و گەمژەلە؟!

٢٠٠٣/١٢/٢١

## فەیلەسووفەکان نیشتەجێ دەبن

شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی قونێر
شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی گوێ بۆگەنیبوون
شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی درەختێکی زڕ
شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی تالاسیمیا
شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی تی ئێن تی
شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی ئاشێکی بەرد کوێر

شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی شیزۆفرینیا
شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی گوندێکی بزنگڕوو
شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی کەڕەکیفە
شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی وشکەبیرۆ
شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی ئامێری بەدبزاڤ
شارەو گەورە دەبێ
بە خەیاڵی فێڵاویترین ریکلام
فەیلەسووفەکان...

به كارامەترین ئەندازیارەوە
به چاكترین وەستاوە
به چاپوكترین كرێكارەوە
به نایابترین كەرستەوە
به فیتترین سەد دەر سەدەوە
به رێكترین نەخشەوە
به پاكترین نیازەوە
به رەسەنترین هۆشەوە
به خەیاڵی یۆتۆپیاوە
دێن و شارێك بنیات دەنێن
ئەوجا...
ئەوها وەك ئەوانەی باسمكردن دەردەچێ.

٢٠٠٤/٥/١٤

# فەرهەنگۆگ

ئاڵ ئاڵ: رووەکێکی بۆنخۆشە

ئان: یان، یا

ئاوی حەیات: ئاوی ژیان. زاراوەیەکی ئەفسانەیە. ژیناو، هەرکەسێ بیخواتەوە نامرێ.

ئەپیخۆرۆس: ئەپیکۆرۆس. Epicuros ئەبیقۆر. فەیلەسووفێکی یۆنانییە، دەوروبەری ٣٤١-٢٧٠ پ. ز ژیاوە. خاوەنی قوتابخانەی ئەپیکۆریزمە، پێی وایە خود بە چێژێکی واتایی بەختەوەر دەبێت، و بە و چێژەش ئەو خودە لە ئێش و ئازار بە دوور دەبێت. هەروەها ئەگەر دانایی و دادپەروەری نەبوو، ئەوا ئەم مرۆڤە بەختەوەر نابێت.

پێناسەی میللی بۆ ئەپیکۆریزم دەڵێ: وەرگرتنی ئەوپەڕی چێژ و خۆشی لە زایەند و خۆراک و پۆشاک و خواردنەوە

ئەسپا: ئەسپان. کۆی ئەسپە

ئەغیار: کەسانی تر. بیانی. کۆی (غیر)ە. پێچەوانەی (خۆمانە)یە

العسود لایسود: الحسود لایسود، واتا چاوێنی قەد زاڵ و بڵاو نابێت. ئیدیۆمێکی عەرەبییە و نیمچە میللییە بۆ چاوزار بەکار دێ. لەناو شارەکانی کوردستان دێتە گوتن و نووسین و هەڵواسین بەتایبەت لەلایەن هەندێ دوکاندار و عەرەبانەی شتفرۆش و سەر دیواری هەندێ خانوو... هتد.

(ئەلحەسوود)یش لە هەندە شێوەزاری دەشتی هەولێر دەبێتە (ئەلعەسوود) واتا پیتی (ح) دەکرێ بە (ع) و گەلێ جار ئەم پیتگۆڕکێیە پێچەوانەیە. پاش راپەڕین ئەم دەستەواژەیە بەدەگمەن دەبیندرێت.

ئەلغام: کۆی لوغمە. کوردێندراوە و ئەم کۆناوەی بە تاکناو بەکار دێت و پاش راپەڕین

وشەی مین جێی گرتووەتەوە.

ئەنتۆن دی سانت ئەگزۆپری (١٩٠٠-١٩٤٤) رۆماننووسێکی فرەنسییە، بە پیشە فرۆکەوان بوو.

ئەیخۆ: ئەدی؟!

ئۆیە: oya وشەیەکە بەرەسەن تورکییە، نەخشی دەرزیچنە، یا تلیشەیەکی تەنکی بەنەخشەیە یان کونکونە و بەدامێن کەوێ و هەندە جێی کراس و کەناری دەسماڵی ئافرەتانەوە دەچندرێت یا دەدرێت. دانتێل. دانتێللا

ئیتۆمۆلۆجیا: etymology زانستێکە لە رەچەڵەک و مێژووی شێوە و مانای وشە دەکۆڵێتەوە

ئێچ ثری:H3 ناوچەیێکی سوپاییە، لە بیابانی سنووری عێراق و ئوردنە شوێنگەیەکە لەبۆ دوورخستنەوەی سوپاکارانی نەیاری دەسەڵات بەکار هاتووە.

ئیدوارد سەعید: هزروەرێکی ئەمەریکاییە لە خێزانێکی دیانە، ساڵی ١٩٣٥ لە شاری قودس لەدایک بووە، باوکی فەڵەستینییەکی ئەمەریکاییە و دایکیشی فەڵەستینییەکی لبنانییە، لە میسر خوێندوویەتی و پاشان چووەتە ئەمەریکا و لەوێ جێگیر بووە و بەکالۆریوس و ماجستێر و دوکتۆرای لە زانکۆی برنستۆن ١٩٥٧ و هارڤەرد ١٩٦٤ وەرگرتووە. کۆمەڵێک کتێبی هەیە و بەناوبانگترینیان: رۆهەڵاتناسی. ئیدوار سەعید لە تەمەنی ٦٧ ساڵی بە نەخۆشی لۆکیمیا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کۆچی دوایی دەکات.

ئۆدیپۆس: ئۆدیپ. ئۆدیب لە ئەفسانەی گریک کوڕی لایۆس پاشای تیبەیە و جۆکاستا دایکێتی. پەنهانزانی پەرستگەی دلفی پێشبینی کرد: ئۆدیب باوکی خۆی دەکوژێت و دەبێتە مێردی دایکی خۆی. بۆیە پاشا بڕیاری کوشتنی ئەم منداڵەی خۆی دەدات، بەڵام پاسەوانەکانی نایکوژن و لەسەر چیایەک بەجێی دێڵن، پاشان شوانێک دەیدۆزێتەوە و بەخێوی دەکات تا گەورە دەبێت. رۆژێکیان پەنهانزان پێی دەڵێن لە دوارۆژدا باوکی خۆت دەکوژی و دەبییە هاوسەری دایکی خۆت، ئەویش لەو ترسە شاری خۆی بەجێ دێڵێ و دەچێتە شاری تیبس شوێنی لەدایکبوونی. بەر لەوەی بچێتە ناو شارەوە رووبەڕووی کەژاوەی پاشای تیبس دەبێت، پاسەوانەکانی پاشا داوای لێ دەکەن رێ بۆ

پاشا بەربدات، ئەویش ڕێیان ناکات و دەبێتە شەڕیان، جا پاشا دەکوژێت و ناشزانێت ئەوەی کوژراوە پاشای تیبسە، ئیتر شاژن مارە دەکات و منداڵی لێ دەبێت، دوا جار کە هەموو شتێک ئاشکرا دەبێت، شاژنی هەم دایک و هەم ژنی، خۆی دەخنکێنێ و ئۆدیبیش بەدەستی خۆی هەردوو چاوی خۆی هەڵدەکۆڵی. گرێی ئۆدیب Oedipus complex گرێیەکی دەروونییە، سیگمۆند فرۆید دایمەزراندووە و کەسێکی نێر دەگرێتەوە کە حەز لە دایکی خۆی بکات و زۆر پێیەوە متوو ببێ و ڕقی لە باوکی ببێت.

ئێونان: یۆنان

ئیژە: ئیجە. بە ئینگلیزی Aegean Sea دەریایەکە سەر بە دەریای سپییە. دەکەوێتە نێوان نیمچە دوورگەی یۆنان و ئەنادۆڵ. بەگەرووی بسفۆر و دەردەنێل بەدەریای ڕەشەوە نووساوە. تورکیا و یۆنان دەڕواننە ئەم دەریایە.

ئێسترەشەلە: هێسترە شەلە، ڕازێکی فۆلکلۆرییە بۆ منداڵانە، باوکم بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە:

هێسترە شەلە کێوە دەچی؟ لەرکێ بابەی... دەچمە کابەی......

بەدەرمێنە: بەدهەڕمێنە، نافرۆشرێ

بارێ... هەر دەمرین!= لە هۆنراوەی لەخۆڕا بەکار هاتووە. باوکی هەژارم لە هەندە هەڵوێست و بەتایبەت لە باسکردنی هەبوون و نەبوونی سامانداندا، ئەم ئیدیۆمەی دەگوت.

بان: کورتکراوی بووان

بایلۆژە: biology بایلۆجی. بایلۆژی. بایالۆژی. زیندەوەرناسی

بەڕاس: بەڕاست

بەرە: یەکەمین

بەربەر: سەرتاش

بەرسێرە: کەسێ بکەوێتە بەر سێرەی تفەنگ یا بەر نیشانەی هەر جۆرە چەکێک.

بەستەبزاڤ: بزاو بەستراو

بەشکەم: بەڵکو. دەشقەم. بەشقەم

بەکنی: بە تەنیشتی، بەلایەوە

بەگ بكات: گەڕانەوەی پشتاوپشتی ئوتومبێل

بەلاشاوە: زەوییەک بەلاشە و ئاوەدان کرابێتەوە

بەلفەچی: فریودەر. فێڵباز. سەختەچی

بەیتوونە: ژووری سەر پەیژە، ژوورێکی بچکۆلانەیە لێ ناگەڕێ ئاوی باران بێتە ژوورەوە، هەروەها زەخیرە و هەندە وردەواڵە و شتی کەمسوودی لێ دادەنرێ

بریژید باردۆ: ( Brigitt Bordot بە ڕێنووسی ئینگلیزی) خاتوو برجیت (برجید) باردۆ ئەکتەرێکی فەرەنسییە، لە ساڵی ١٩٣٤ لە پاریس لەدایک بووە. لە سینەمای پەنجا و شەستەکان دەوری سێکسی دەنواند. ساڵی ١٩٧٤ وازی لە نواندن هێنا و خۆی بۆ مافی ئاژەڵان تەرخان کرد

بزەوجێنە: لێک مارەبکە. بیکە بە هاوسەر، لە (زەواج)ەوە کوردێندراوە

بۆریدان: buridan فەیلەسووفێکی فرەنسییە، لە ١٢٩٥– ١٣٥٨ ژیاوە.

پانتۆمیم: pantomime نواندنی بێدەنگ، بەس جوولانەوەیە

پەریرەشک: پەری رەش

پرسەکار: خاوەن تازیە

پرنج: برۆنز

پرێمز: بەزاراوەی میللی پەلەمێز. پەرەمێز. ئامێرێکی گەرمکردنەوەیە، بە نەوت ئیش دەکات. جۆری زۆرە و لەو چەند دە ساڵەی رابردوودا بەکار دەهات.

پیتا: پیتدەر، رەنگە خواچەیەک بکەوێتە بەر ئەو ناوەوە.

پیرە خاوس: مەبەست خواوەندێکە لە خاوسەوە گیانلەبەر دەخولقێنێ. خاوسیش chaos بە پێی فەلسەفەی یۆنانی دنیا بەر لە خولقاندنی برێتی بوو لە بۆشاییەکی تاریک و ناڕێک.

پیس: زۆر خراپ

پێن شەش: پێنج شەش

تار: ئامێرێکی مۆسیقای رۆهەڵاتییە، لە مۆسیقای کوردی بەکار دێت.

تاری: تاریک

تایەدار: ئۆتۆمبێل و هاوجۆرەکانی

تەباران: کۆی تەبارەیە، دەغڵێکە گەنم بێ یا جۆ، گوڵەکانی گەیشتووە،

بەڵام نەدرواوە.

تەبانامە: پەیماننامەی ئاساییکردنی بارێکی شڵەژاو. تطبیع

تەحر: جۆر. چەشن. رەنگ.

تەزحێب: تەسبیح

تەلەنتەر: نەفرەجا، عملاق

تەنی: هیس. نیشتەی رەشاییی دووکەڵ لەسەر مەنجەڵ و شووشەی لامپا.

تحت الطلب: ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی کار و فەرمان

تڕوفس: مەبەست پسەپسی نهێنییەک. پڕوپاگەندە

تمتەک: تم تەک. دم تەک. دەنگی ئامێری مۆسیقای رەزمدارە (ئیقاعی).

تووتە: پەنجە گچکەی دەست.

تی ئێن تی: مادەیەکە کە بتەقی دەوروبەری خۆی بە شت و مرۆڤەوە وێران دەکات

تلیش: تلیشە. شریط

توخمات: وەچە. نسل

توغرا: خط الطغراء جۆرە خەتێکی جوان و ئاڵۆزە، بەڕەسەن تورکییە و بەپیتی عەرەبی خۆشنووس دەکرێت، سوڵتانی عوسمانلی، دراو و فەمان و نیشانی خۆیان پێ مۆر دەکرد.

تۆک: باڵندەیەکی کوردستانییە، شوومە و سەر بە بنەماڵەی کوندەبۆیە.

تومبێل: ترومبێل، ئۆتۆمبیل، ئوتومبێل، ماشین، تایەدار

جەجاڵ: تەجال. تەججال. دەجال. دەججال

جەنتل: gentle جەنتلمان. ژەنتلمان. ئەفەندی

جڕ بەجڕ: جیڕ بە جیڕ

جگ: پارچە ئێسقانێکی لاقی ئاژەڵە (چۆکی مەڕ و بزن)ە و ئی چێڵیش گەورەترە.

جنس: سێکس

جۆشینە: شوێنگە جۆشدەرەکانی لەشی ئافرەت. مفاتن.

جیناس: جناس. زاراوەیەکی زانستیی رەوانبێژییە، بەیەکچوونی تەواو یان بە

بەیەکچوونی چەند پیتێک لە دوو وشە و جیاوازیان لە مانا.

چاتی: هەڵبەستنەوەی بنمیچی نێوان دوو شێلمان یا تاقان بە کەرپووچ و گەچ یا قسڵ.

چادەبم: چاک دەبم

چەخماخ: چەرخ. قداحە

چەرچکراو: شەحن کراو. بەرەسەن ئینگلیزییە charge و کوردێندراوە

چەوەندەراو: ئاوی چەوەندەر

چێشمە: ئاودەسخانە

حەوهەسە: کورتکراوەی حەوت هەستە

حندرحۆب: حندرحۆپ. حندرحۆ. گەمەیەکی منداڵانە دارێکە یان پلێتە ئاسنێکی درێژ و پانە، لەناوەندا لەسەر بەردێک یا هەرشتێ دای دەنێن و قایم دەکرێت. لەم و لەوسەری دوو منداڵ دادەنیشن و نۆبە بە نۆبە خۆیان بەرز و نەوی دەکەنەوە.

حۆپەنە: زۆر گەورە (بە زاراوەی منداڵان)

حۆقە: هۆقە. سەنگ و کێشێکە، جاران بەکار دەهات ئێستا بەکار نایەت. لە شوێنێک تا شوێنێک قورسایەکەی جیایە. لە هەندێ شوێن دوو کیلۆیە و لە هەندێکی تریش سێیە و بە دەگمەنیش چوار کیلۆیە.

خازووق: زاراوەیەکی تورکییە Kazik پارچە ستوونێکی ئاسن. یا دارێکی ئەستووری نووکتیژە. ئامرازێکی دڕندانەی کوشتنە، تاوانبار لە قوونڕا دەخرێتە سەری تا لەوسەر دەرچێ و پێی بمرێت. لە ئیدیۆمی میللی دەڵێن: خازووقەکیان تێ بڕی.

خڕ: گشت

خرا: کورتکراوەی خراپ

خۆ دەجەڕبێنن: خۆ تاقی دەکەنەوە

خۆ دەمەستێنن: خۆیان مەست دەکەن.

خورج: جەواڵی بچووک

خین: خوێن

داخسۆر: جۆرە فەردەیەکی گەورەیە لە بەن چنراوە. زیاتر گەنمیان لەناو

دەکرد، ئێستا باوی نەماوە.

داخوێ: قسان دەکات

دایانێ: بە ئینگلیزی (Princess Diana 1961-1997) مێمیری وێلزە و رەگەزنامەی بەریتانییە، ژنی یەکەمی میر شارلزە میری وێلز، دوو کوڕی هەیە، لە ساڵی ١٩٨١ وە هەر لەگەڵ مێردکردنیدا وێنەکانی بەرگی کۆوارەکانی دەڕازاندەوە و هەواڵەکانی لە رۆژنامەکان بڵاو دەکرانەوە. هەروەها ناوی بەخێرکارییەوە بەندە. لەو رۆژەی کە بەفەرمی مێردکردنی بە دودی ئەلفاید راگەیاند، بەکارەساتی ئۆتۆمۆبێل خۆی و برادەرەکەی دودی گیانیان لەدەست دا

دەبەرگێنێ: بەرگپۆشی دەکات

دەرڕاڤە: مافوق التأویل

دەرڕێ: رێی دەرەوە، طرق خارجیة

دەرسات: دەلیحەز. هەر لەو ساتەدا

دەس: کورتکراوەی دەستە

دەسوبر: کورتکراوەی دەستوبردە

دەماغسز: بێمێشک، گەمژە

دەیادێنن: یادی دەکەنەوە

دگان: ددان

دڵوەستە: راوەستانی دڵ، سکتة قلبیة

دووشەش: گەورەترین پوولی دۆمینەیە و لە دوو بەش پێک هاتووە، هەر بەشێکی شەش خاڵە.

دۆڵدرمە: دۆندرمە. بەستەنییەکی شل و شیرین و رەنگاڕەنگ

دیساد: دی ساد. بەڕێنووسی فرەنسی de Sade marquis مەرکیز دی ساد، ١٧٤٠–١٨١٤. ئۆرستۆکرات و شۆڕشگێڕ و رۆماننووسێکی فرەنسییە، سادییەت، سادیزم SADISM لەم دی سادە وەرگیراوە، ئەمەش لاسێکسە (انحراف جنسی) و برێتییە لە چێژ و خۆشی وەرگرتنە لە کاتی توند نواندنی زایەندکاری و ئازار گەیاندن بە خۆشەویستی خۆی و بەتایبەت ئافرەت. ئەوەی چێژیش لەو ئازارە وەردەگرێ پێی دەڵێن مازۆخی.

رەحەتی: کۆڤک، کۆوک.
بەلا. بەلان: بەرا، بەڵام
رەهاوەری: رەهایی
رەیسز: جۆرە قومارێکە، بە پێشبڕکێی ئەسپان ئەنجام دەدرێت
رەواقی: هەیواندار، هەیوانشین. کەسێکە بڕوای بە فەلسەفەی رەواقیەت stoicism هەبێت. ئەمەش فەلسەفەی زینۆن و کلیانت و سنیکا و ئەپکتیتۆس و ئۆرلیۆسە و ناوی ئیدیی یۆنانی و رۆمانیشی تێدایە. فەلسەفەکەش لە چاکەدا کامەرانی دەبینێت و دانا بایەخ بە هەڵچوونی ئێش و چێژ نادات و بەلایانەوە ئاگر سەرچاوەی بوونە و جیهان لە خوا جودا نابێتەوە
رووتکە: رووتکەی سەر. سەری رووتاوە. صلعة
رۆدۆس: پەیکەری رۆدۆس سەیرەیەکی جیهانی کۆنە. لە ساڵی ٤٠٨ پ.ز بنیات نراوە و لای پێشەوەی دوورگەی رۆدۆسی یۆنانی چەقێندراوە و پاشان لە ئەنجامی زەویلەرزەیەک دەکەوێت و دەشکێت.
رسقسوار: کەسێکە، لە فرۆشتن و کڕیندا بەردەوام زەرەر بکات یان قازانجێکی زۆر کەم بکات
زافەرانی: بەڕەنگی زەردی زەعفەران
زبڵخانەی قەتەوی: زبڵگەیەکی شاری هەولێرە. نێزیک بە گوندی قەتەوییە
زراو رێژکراو: تۆقێندراوە
زمانگێڕ: جاسووس
زوود: زوهد. زهد. دنیانەویستی
ژیندییەوە: ژیاندییەوە
سابوونی لۆکس: جۆرە سابوونێکی بۆنخۆشی گرانبەهایە، ئافرەتە ئەکتەرەکانی هۆلیود بەکاری دێنن، بۆ ریکلام ماوە ناماوە وێنەی هونەرمەندێکی ئافرەتیان لەسەر کاغەزی قەپیلکەکە چاپ دەکرد.
ساڵح رووسی: مەیلەو شێتێکی ناو شاری هەولێرە، زیاتر لە شەستەکان و تا ناوەڕاستی حەفتاکان دەرکەوت و بەناو شەقامی سەرەکی ژێر قەڵات دەگەڕا. مردووە، دەتوانم بڵێم شێتێکی زۆر عاقڵ بوو، جلی کوردی لەبەر دەکرد. بەس

ســـەری کـۆت بـوو و هـەمــوو کـــات داســێک و وێنـەیەکـی فــۆتۆگــراف و لە جامگیراوی ستالینی بەقەدیەوە هەڵدەگرت. گەلێک جار پەڕۆکێکی سووری لە ملی خۆی دەئاڵاند.

سارتەر و مارتەر: مەبەست نووسەر و هزروەری فەرەنسی جان پۆل سارتەر (١٩٠٥-١٩٨٠) و ئەوانەی وەک خۆی.

سەخرە جن: سەغرە چن. سەرخە جن. لە حەکایەتی میللی کوردی، کوڕی پاشای ئەجندانە. کڵاوەکەی ئەفسانەییـە، و هەر کە لەســەری خـۆی بنـێ، لە پێش چاوان ون دەبێت.

سەراو: سەراب

سەرەخۆرە: کەسێکی نیگبەت، دەبێتە هۆی مردنی برایەکانی یا خوشکەکانی ئەم جۆرە کەسانە کە دەخەون جیرە لە دانەکانیان دێنن

سەواکار: مەعمیل

ستریپتیز: striptease هونەری خۆ رووتکردنی ئافرەتی سەماکارە، لەسەر شانۆ پارچە لە دوای پارچە جلکی خۆی فڕێ دەدا

سکۆپ: کــورتکراوەی ســینەمــا سکۆپە cinema scope زاراوەیەکی ســینەمــایە. پێشـاندانی فلمی ئاسایی لەســەر شاشـەی پان. سـاڵی ١٩٥٣ کۆمـپانیـای فۆکسی سەدەی بیست Twentieth century Fox پەیڕەوی کردووە.

سێپەڕە: گیایەکی سێ پەڕەی لووسی گەڵاخڕە، لەوەڕێکی خۆشە.

سم: کورتکراوەی سانتیمەترە

سمدان: سندان، دەزگای ئاسنگرانە.

سندانی کرد: خواردی، لرفی کرد، قووتی دا (وەسفێکی نەتییە (سەلبە)).

سندرووق: سنووق، سندووق

شاستان: وڵاتێکە شا سەرداری بێت. مملكة

شامپلیۆن: جان فرانسوا (١٧٩٠ - ١٨٣٢) رۆهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، تەلیسمی نووسینی کۆنی میسری کردەوە.

شاول: ئامێرێکە وەستای بیناکردن بەکاری دێنێ، بریتییە لە لوولەیەکی بتەو لە زەرد دروست کراوە، سەری خڕە و بەنێکی درێژی لێ قایم کراوە، وەستا لە سەرەوە

شۆڕی دەکاتەوە بۆ زانینی ڕاستی و خواری بڵندایی دیوار.

شەڕاسن: شەڕەئاسن

شرونقا: شرونقە. سرنج، لوولەیەکی سەربەدەرزییە، برینپێچ دەرمانی تێ دەکات و لە جەستەی نەخۆش دەدات.

شەمشوون: شەمشوون کوڕی مەنووحە پاڵەوانێکی ئیسرائیلی کۆنە، کتێبی تەورات باسی دەکات، بەسەرهاتەکەی ئەوپەڕی هێز دەنوێنێ. شەڕێکی دژوار لەگەڵ فەڵەستینییەکان دەکات و حەز لە دەلیلە دەکات. ئەم ئافرەتە نهێنی هێزەکەی بە شەمشوون ئاشکرا دەکات بە برینی قژە درێژەکەی سەری هێزەکەی نامێنێت و ئەنجام رادەستی فەڵەستینییەکانی دەکات و دوا جار لە پەرستگەیەکی ئەوان، ڕاست و چەپ دوو ستوونی لێ دەڕووخێنی و خۆی و خەڵکەکە لەژێریدا دەمرن.

شێرە: حنفیة. بەلوعە. سەرکە بۆڕیی کردنەوە و گرتنەوەی ئاو یا هەر شلەمەنییەک وەک نەوت، شەربەت...

شێلمان، شەلمان: جۆرە ستوونێکی ئاسنە لە دروستکردنی پەیکەری خانوو بەکار دێ. مەبەست درۆکردنە.

صەباب: سەباب. سەگباب. سەگباوک

عەربەدە: عربدە ئاژاوەو زێدە مەستی و هەراوهوریا

عەگیداتی: ڕەشیداتی. ئازایەتی. مەردایەتی. زاراوەیەکی لاوکە

عەینەگ: چاویلکە، عەینەک.

عیسان: کوردکراوەی ئینسانە. مرۆڤ.

غەزرۆک: کەسێکە بغەزرێ.

فەیلەفووس: فەیلەسووف، بەکارهێنانێکی گاڵتەجاڕانەی میللییە

فۆبیا: phobia ترس، ترسێکی دەروونییە

فیتفیتەدار: کەسێ فیتفیتە هەڵبگرێ و لە کاتی تەنگانەدا بەکاری بینێ تا بە دەنگەکەی پۆلیس یا خەڵکی بانگ بکات.

ڤیا: ویست. ارادة

قارە: دوایین

قەزەف: قفص. تێخانە

قتوو: قوتوو، قۆدی

قسعە: زاراوەیەکە لەناو سوپا بەکار دێت، بریتییە لەو خۆراکەی دەدرێ بە سەرباز و بەتایبەتی خۆراکی نیوەڕۆ. هەر چەندانێک بەیەکەوە لەناو لەگەنێک دەخۆن، لەگەنەکەش ناوی قسعەیە. قصعة

قف.... سر اللیل: بوەستە.... نهێنی شەو، زاراوەیەکی سوپای عێراقە، پاسەوان و نۆبەتدار کاتێ بەشەو کەسێکی نامۆ ببینن، تفەنگی لێ سوار دەکەن و بە دەنگێکی بڵند داوای رستە یا وشە نهێنییەکەی لێ دەکەن، هەروەها وشەی تێپەڕبوون کە پێشتر لەناو یەکەی سوپادا بۆ ناسینی دۆست و دوژمنی خۆیان لەسەری رێککەوتوون، جا ئەوەی نەیزانێت راپێچی دەکەن یان هەندێ جار تەقەی لێ دەکەن .

قولانج: قولاج، پێوانی بە ئەنگوست. ماوەی نێوان پەنجەی گەورە و ئەنگوستی شادە بەکراوەیی. قولانج و بست پێوانی بە دەستین.

قونێر: دومەڵ

قیمەقیمە: وردکردنی گۆشت بە چەقۆ

کامۆسدار: بە کابووس

کاندارە: لە کانە. معدنی

کەسنەدی: ئەوانەی کەس نابینن. یان ئەوانەی کەس نایانبینێ

کەلیلەو دیمنە: کلیلەو دومنە. کتێبێکی بەناوبانگی ئیبن ئەلموقەفەعە، تەرجەمەی زۆرێک لە زمانەکانی دنیا کراوە، لەوانە کوردی.

کرۆسک: جۆرە میوەیەکی شاخاوییە، هەرمێی کێویلەی رەق و گەورە

کلوولووش: دەنگی هەلهەلەی ژنان لە بۆنەی خۆشیدا

کنیاتساز: ئافریدەکاری گەردوونە

کویک: چویک، دارکونکەرە، باڵندەیە، پیتی (ک) پێشەوە بە (چ) قەڵەو دەنگ دەکرێت

کێهە: کێها، کام. وشەیەکی پرسیارە؟

گرێخوو: عقدة نفسیة

گریزخانە: شوێنی داکردنی گریزە

گزۆزداره: بەگزۆره، گزۆزیش دووکەڵکێشی ئۆتۆمۆبێله.

گۆڤاری حەوا: مجلة حواء، کۆوارێکی میسرییه تایبەت به ئافرەتانه. چەند ده ساڵێکه پەخش دەکرێت.

گۆپاڵە ئاسن: سنگێکی گەورەیه له شێوەی کەمەی گۆپاڵه، له زارگەلی کوتراوه.

لازۆرد: لێره (شینی ئاسمانییه) لازوەرد، لاجوەرد، لاژوارد، لاجی وەرد، لاژۆرد

لاژیوەردی: رەنگی شینی ئاسمانییه، له(بەردی بەنرخی لاجوەرد. لاژیبەرد، لاژەبەرد، لازەوەرد)ەوه.

لەبلەبی: نۆکی کوڵاو. ئەم زاراوەیه زیاتر نۆکاوفرۆش بەکاری دێنێ.

له زەقزەقه نابوو: بێزار کردبوو.

لێڕەوار: دارستانی بچووکی سەر گرد و هەوراز و دامەن چیا.

لێکاشنان: لێک ئاشنان

مارۆنی: جۆره رەنگێکی سووری مەیلەو قاوەییه و کەم جار مەیلەو بۆر.

ماژه: ئاماژه

ماژەناسی: ئاماژەناسی. سیمیۆلۆجی. علم الاشارة

مافنگی: ئیفلاس

مەجرووم: کوردکراوەی (مجنون)ه، لەیل و مەجرووم. ئەم جووته ناوه له بنەڕەتا له (قەیس و لیلی) وەرگیراوه که باس له ئاشقبوونی قەیس به لەیلا و بێ ئاکامبوونیان دەکات. له فۆلکلۆری کوردەواریدا سەرەڕای حیکایەتەکه، ئەم جووته دڵداره دوو ئەستێرەنه، یەک گەشەو یەک سیسه و له پایز و بەهاردا تێک دەپەڕن و دەڕۆن......

مەحچەچه: خڕنووک که وشک بوو پێی دەڵێن مەحچەچه.

مدبەق: مطبخ

مۆمی= مۆما، مۆمیا ،mummy پەیکەری فەرعۆنی مردووه. که جەستەکەی مۆمیاکراوه تا بمێنێ و نەڕزێ.

میتامۆرفۆس: metamorphose بەدلەش. دەعەجان، وەک ناوێکی کارا بەکار هاتووه.

مێون: بەمیوه

نەخوندراو: نەخوێندراو

نەوال زوغبی: خـاتوو (نوال الزغبی)، گۆرانیـبێژێکی لبنانـییـە، بەناوبانگە و کلیپی زۆرە، تا ئەمرۆ گۆرانی دەڵێ.

نیففەری: نەفەری. ئەبوعەبدوڵلا محەمەد (٣٥٤ کۆ _ ٩٦٥ ز) سۆفیکارێکی عێراقییە، ئی شـارۆکەی (النفر)ە. دوو کتێبـەکەی المواقف و المخـاطبـات، لە ئەدەبیـاتی سۆفیگەریدا زۆر بەناوبانگن.

نموونە بەرزە: المثل الاعلی.

نێوگەو پەرگە: سەنتەر و دەوروبەر. المرکز و الأطراف

واشەر: پارچە پەرە ئاسنێکی بازنەییە، ناوەندەکەی کونێکی تێدایە، دەخرێتە نێوان دوو بورغییەوە یان نێوان بورغی و ئامێر، واشەر بەمانای بەرتیلیش دێ.

وەتۆ: ئەوها

وەی وێناند: وای تەسەور کرد، وای خەیاڵ کرد

ودمی: زاراوەیەکی میللییە، واتا کاریگەریی دەروونی. بە ودم: ئەو کەسەیە لە غەیبەوە دەتوانی هەندێ نەخۆشی دەروونی چاک بکاتەوە، وەک ترسانی منداڵان.

وێنەگری هەتاوی: کـەسـێکە وێنەی خـێرای رەش و سـپی دەگـرێت. ئامـێـرەکـەشی برێتییە لە سندووقێکی کامیرایە و لەسەر سێپێکی دار وەستاوە.

هەمزەکۆر: گوندێکی سەر ئاسنەرێی هەولێر _ کەرکووکە.

هەوەڵ: هەوەڵ. یەکەم. سەرەتا. یەکەم جار. لە (أول)ەوە کوردێنراوە .

هەیپا: دەرچوونی خێرای ئەسپسوار

هەیوولا: مادەی خاوی نارێک، بەر لە سازدانی و بوونی بەشتێکی وێنەپۆش

هۆری: حۆری. زەری. حوریە

هووڵ: هوول.ioوزەردی خورمایی. أشقر

هیرۆدۆس: گەڕۆک و مێژوونووسێکی یۆنانییە (٤٨٤ –٤٢٥ پێ ز)

یەسـیـەمـانێ: راست و چەپانێی کۆڕۆی سـەربازان. لە کـاتی مـەشـقـدا، مـەشـقـدەر بەدەنگ (یەس. یەم) یان بۆ دەڵێت.

* ئـەم هۆنـراوانە لـە نێـــوان ســـاڵانی ١٩٩٨ – ٢٠٠٤ نـووســـراون و لـەم کـــۆوار و رۆژنامـانـە بڵاوکراون: رامـان. رێگای کوردسـتـان. گوڵان. ئاینده. ئەفراندن. کاروان. نووسەری نوێ.